# البنية التقنية للفيلم بين الرواية وفن السينما دراسة تحليلية نقدية

ريّزان عثمان مصطفى

قسم الرسم، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين - أربيل، كردستان، العراق

rezan.mostafa1@su.edu.krd

أ.م.د. تانيا أسعد محمد صالح

Tanya.mohamad@su.edu.krd

قسم اللغة الكردية، كلية التربية الإنشائية، جامعة صلاح الدين - أربيل، كردستان، العراق

**الكلمات المفتاحية**: اللقطة، السينما، الرواية، السرد، الصورة الذهنية، الفيلم، النص، الرواية الكوردية.

**كيفية اقتباس البحث**

مصطفى , ريزان عثمان , تانيا أسعد محمد صالح, البنية التقنية للفيلم بين الرواية وفن السينما دراسة تحليلية نقدية,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٨ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# The Technical Structure of Film: Between the Novel and the Art of Cinema – A Critical Analytical Study

**Rezan Osman Mustafa**
**Department of Painting, College of Fine Arts, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan, Iraq**
rezan.mostafa1@su.edu.krd

**Assistant Professor Dr. Tania Asaad Mohammed Saleh**
**Department of Kurdish Language, College of Construction Education, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan, Iraq**
Tanya.mohamad@su.edu.krd

**Keywords** : Shot, Novel, Cinema, Narration, Mental Image, Film, Text, Kurdish Novel.

**How To Cite This Article**
Mustafa , Rezan Osman ,Tania Asaad Mohammed Saleh , The Technical Structure of Film: Between the Novel and the Art of Cinema – A Critical Analytical Study ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

One of the fundamental elements from which the contemporary novel has benefited is the cinematic shot. The novel, in essence, is composed of a collection of accumulated and interwoven shots that can only be classified and distinguished from one anther on a theoretical level. During the process of narration, the novelist emphasizes these shots with the aim of presenting the finest details and the aesthetic and rhetorical dimensions of the text through various visual perspectives. In doing so,

the novelist seeks to stimulate the recipient's imagination and broaden the horizon of visual perception.
Among the Kurdish novelists who have employed the cinematic shot with remarkable artistic precision in constructing their narratives are (Ibrahim Ahmad, Bayan Salman, and Jan Dust). Their purpose in adopting this technique is to engage the reader in the movement and dynamism of scenes, the diversity of cinematic shots and images, and to enable the reader to appreciate their aesthetic and artistic qualities.
We have divided the discussion into two topics: The first topic: Under the name of the structure of video art, it focuses on the concept and structure of video, in addition to the similarities and differences between cinema and genre Romanda. In the second topic: Discuss the types of footage, the importance, duties and roles between these two genres and art in terms of theory and practice examples of the film (People's Pain) and compare with the text of the novel and novels (Nights of Adam). – Mirname) is mentioned. We present the results below, in addition to the list of sources.

**ملخص البحث**

يعد المشهد السينمائي (اللقطة السينمائية) أحد ابرز العناصر التى استفاد منها جنس الرواية المعاصرة. ذلك ان الرواية تتكون من مجموعة من اللقطات المتراكمة و المتداخلة، ولا يمكن تصنيفها أو الفصل بينها الا على المستوى النظري. ويعمد الروائي ابراز أدق التفاصيل و الجوانب الجمالية و البلاغية للنص، من خلال زوايا تصوير مختلفة، بما يترك أثرا فى خيال المتلقي وأفق رؤيته البصرية.
ومن بين الروائيين الكورد الذين أولوا عناية فنية دقيقة لتوظيف اللقطة السينمائية فى بناء نصوصهم الروائية: (إبراهيم احمد، بيان سلمان، جان دوست). وقد لجؤوا الى ذلك بقصد إشراك المتلقي فى حركة المشاهد وفاعلية اللقطات والصور المتنوعة، وتمكينه من التفاعل معها و التلذذ بأبعادها الجمالية والفنية.
شانوكاوي روائي ومخرج أفلام كردي له ثلاثة روايات وأفلام: رواية إبراهيم أحمد "ألم الشعب"، ورواية بيان سلمان "ليالي آدم"، ورواية جان دوست "ميرنامه".
يكمن الفرق بين لقطات الرواية ولقطات السينما في خصائص كلٍّ منهما، ففي الرواية، الكلمات هي المسؤولة عن وصف الصور الذهنية، سواءً للروائي أو للقارئ. يعتمد الروائي على قاموس اللغة وخبرته في الثقافة الفنية، ويحدد الجوانب الثقافية والفكرية والمعرفية للقارئ. لذا، يبرز السؤال التالي:
قسمنا النقاش إلى موضوعين: الموضوع الأول، بعنوان "بنية فن الفيديو"، يركز على مفهوم الفيديو وبنيته، بالإضافة إلى أوجه التشابه والاختلاف بين السينما وفن الفيديو. أما الموضوع الثاني، فيناقش أنواع اللقطات، وأهميتها، وواجباتها، وأدوارها بين هذين النوعين الفنيين من حيث النظرية والتطبيق، مع أمثلة من فيلم "آلام الشعب" ومقارنتها بنص رواية "ليالي آدم". نعرض النتائج أدناه، بالإضافة إلى قائمة المصادر.

# پێکهاتەی تەکنیکی گرتە لەنێوان ژانری ڕۆمان و هونەری سینەمادا

## توێژینەوەیەکی ڕەخنەی شیکارییە


ڕێزان عثمان مصطفی

بەشی شێوەکاری ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر، کوردستان، عێراق

rezan.mostafa1@su.edu.krd

پ.ی.د. تانیا أسعد محمد صالح

Tanya.mohamad@su.edu.krd

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردی بنیات، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر، کوردستان، عێراق



## پوختەی توێژینەوە

یەکێك لەو ڕەگەزە بنچینەییانەی سینەما، کەڕۆمانی هاوچەرخ سوودی لێوەرگردەیت؛ گرتەی سینەماییە. بەو پێیەی ژانری ڕۆمانیش لەکۆمەڵە گرتەیەکی کەڵەکەو ئاوێتەبوو پێکهاتووەو سوودی لەوردەکاری وجۆرەکانی گرتە وەرگرتووە لەتوێژینەوەو راڤەی تیۆریدا دەتوانرێت پۆلێن بکرێن ولەیەکتری جیابکرێنەوە، ئەگینا لەرووی پراکتیکیەوە کۆمەڵە گرتەیەکی تێکەڵاوە بەمەبەستی خولقاندنی کارێکی هونەری ورۆماننووس لەدرێژەی کردەی گێڕانەوەی دەقەکەیدا جەختی لێدەکاتەوە، بەمەبەستی خستنەڕووی وردترین وردەکاری و لایەنی جوانناسی و ڕەوانبێژی لەمیانەی گۆشەی وێنەی جیاوازەوە، تاوەکو کاریگەری لەخەیاڵ و ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگر بهێنێتەکایەوە. لەنێوان ڕۆماننوسانی کورد، بەسەلیقیەکی وردی هونەری لەچنینی دەقەکانیاندا دەستیان پێوەگرتبێت (ئیبراهیم ئەحمەد* – بەیان سەلمان – جان دۆست) بەمەبەستی بەشداریکرپێکردنی وەرگر لە گورجوگۆڵی و چالاکی دیمەن وگرتە جۆراوجۆرە وێنەیەکان وچێژ وەرگرتن لێیان.

کلیلە وشە: گرتە، ڕۆمان، راڤە، وێنەی زەینی، فلم، دەق، ڕۆمانی کوردی.


* ئیبراهیم ئەحمەد: بەپێشەنگی ڕۆماننووسانی کوردە، لەساڵی (١٩٧٠) ڕۆمانی (ژانی گەل)ی نووسیوە، یەکەمین ڕۆمانی کوردی چاپکراوە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ڕۆمانەکە هاوکاتی سەردەمی مۆدێرنەی ڕۆژئاوا نووسراوە، بۆیە دەکرێ بڵێین نووسەر شارەزابووە لەو میتۆدو تیۆرە نوێیانەی ئەو سەردەمە، چونکە تەکنیکەکانی گرتەی بەکارهێناوە.

## پێشەکی

دیاردەی ئاوێتەبوونی هونەرەکان لەسەردەمی ئێستادا، بەیەکێك لەباوترین دیاردەی نوێگەری وهاوچەرخ دادەندرێت، ئەمەش پانتایەکی گونجاوینێوان هونەرەکان وژانرە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

ئەدەبییەکان لەگەڵ یەکتریدا یەکلادەکاتەوە، تا ئەو رادەیەی هەندێکجار تێکەڵابوون و تێپەڕاندنی نێوان پێکهاتە هونەریەکان هێندە زۆرە جیاوازی و هەڵوەشاندنەوەیان لەیەکتری ئەستەمە. یەکێك لەکردە گونجاو وتێکهەڵکێشراوە پتەوەکانی نێوان هونەر و ژانرە ئەدەبییەکان، لەڕووی پێکهاتەو تەکنیك ودەربڕین وداهێنان وجوانناسییەوە هونەری سینەما و ژانری رۆمانە؛ دووانەیەکن کەوا زۆرینەی هونەرەکانیان لەخۆگرتووە.

سەبارەت بەیەکێك لەو رەگەزە هاوبەشانە؛ گرتەی سینەمایە کە لەژانری رۆماندا بەرجەستەدەکرێت، بەتایبەتیش لەو رۆمانانەی کەوا بەشێوەیەك ژیانی رۆژانەو جوڵەو سروشت وکەسەکان ودەوروبەر بەوردی و دیقەتەوە وەسفدەکات و وا لەوەرگر دەکات لەوەی دیمەنێکی واقیعی تەماشابکات.

**هۆکاری هەڵبژاردن:** بەشێکی زۆر لەپسپۆر وشارەزاو رەخنەگرو ئەکادیمیستان وتوێژەران لەبواری هونەری بینراو "سینەما، شانۆ، تەلەفزیۆن" و هونەری ئەدەبدا گرنگی بەم بابەتانە دەدەن، لەمیانەی ژانری رۆمان وچۆنیەتی دەسپێوەگرتنی نووسەران بەم رەگەزە هونەرییە. جگەلەوەی ئامانجمان دۆزینەوەی بنیاتی گرتەیە لەرۆماندا، بەتایبەتی ئەم بابەتە کەمتر لەرەخنەی ئەدەبیدا ئاوڕی لێدراوەتەوە.

**گرنگی توێژینەوە:**ئاماژەکردن بەچۆنیەتی وردەکاری بنیاتی رەگەزی گرتە لەژانری رۆمان و چۆنیەتی گوزارشتکردن لەسروشتی رووداوەکانی رۆمان.

**سنوری توێژینەوە:** شەنوکەوی رەگەزی گرتە لەژانری رۆمان وهونەری سینەمایە لەسێ رۆمان و فلمێکی کوردییە: رۆمان و فلمی ("ژانی گەل" ئیبراهیم ئەحمەد، رۆمانی "شەوانی ئادەم "بەیان سەلمان، رۆمانی"میرنامە" جان دۆست).

**کێشەی توێژینەوە:** جیاوازی نێوان گرتەی رۆمان و گرتەی سینەمایە، بەهۆی تایبەتمەندی هەریەك لەم دوو بوارە، چونکە لەرۆماندا وشە سەرپشکە لەوێناکردنی وێنە زەینییەکان، چ لای رۆماننوس و چ لای خوێنەر. رۆماننووس پشت بەفەرهەنگی زمان زئەزموونی رۆشنبیری هونەری دەبەستێت، لای خوێنەریش لایەنی رۆشنبیری و فیکری ومەعریفی ...یەکلایدەکاتەوە ، بەڵام لەفلمدا؛ چۆنیەتی وچەندییەتی گرتەکانە. بۆیە ئەم پرسیارەش دێتەکایەوە:

- ئەو رەگەزە هونەرییانە چین، لەمیانەی بنیاتی گرتە بەرجەستەدەبێت؟
- چۆنیەتی دروستبوونی گرتە لەهونەری سینەما وژانری رۆماندا.

**ناوەڕۆکی توێژینەوە: :** باسەکەمان بۆ دوو تەوەرە دابەشکردووە: تەوەری یەکەم: لەژێر ناوی بنیاتی هونەری گرتەیەو تیایدا تیشك خراوەتە سەر چەمك وپێکهاتەی گرتە، جگە لەوێکچوون وجیاوازی گرتە لەنێوان هونەری سینەماو ژانری رۆماندا. لەتەوەری دووەمدا :باس لەجۆرەکانی گرتەو گرنگی و ئەرك و رۆڵی لەنێوان ئەم دوو ژانرو هونەرەدا لەڕووی تیۆری وپراکتیزەکردنی نموونەکانی فلمی (ژانی گەل)و بەراوردکرنی بەدەق رۆمانەکە و رۆمانەکانی

(شەوانی ئادەم – میرنامە) باسکراوە. لەدرێژەی شەنوکەوی بابەتەکە ئەنجامەکانمان خستۆتەڕوو، جگە لەلیستی سەرچاوەکان.

## تەوەری یەکەم: پێکهاتەی هونەری گرتە

### چەمکی گرتە لەنێوان پێکهاتەی سینەماو رۆماندا

گرتە یەکەیەکی بنچینەییە لەپێکهاتەی هونەرییدا، لەرووی زمانەوانیەوە ((شتێك فڕێدراوە؛ هەڵدەگیرێتەوە، یاخود شتێکی جێهێڵدراوەو نازاندرێت کێ خاوەنەکەیەتی.))(www.almaany.com ). دەکرێ مەبەست هەڵگرتنەوە یان چنینەوەی بابەتێکی زەینی یان پارچە نووسینێکی ئەدەبی، زانستی ...هتد لەیادگە؛ بەو واتایە زاراوەکە لەگەڵ واتاکەدا دەگونجێت. بەڵام لەڕووی چەمکی بینراوەوە (( هاوتای وێنەی ئەدەبیە؛ کە بچوکترین یەکەی واتایەو وێنەی ئەدەبی لێپێکدێت، ئەگەر فلمی سینەمایی لەکۆمەڵێك گرتەی تێکهەڵکێشراو پێکهاتبێت؛ دەقیش لەکۆمەڵێك وێنە/ گرتەی شیعری تێکهەڵکێشراوپێکدێت.))(الصفراني: ٢٠٠٨: ٢٣١) واتا لەئەنجامی گرتنی وێنەیە بەبێ پچڕان؛ لەمیانەی کۆمەڵە وشەیەکی رێکخراو یان لادراو لەیاسا بەمەبەستی خولقاندنی وێنەیەکی شیعری، یاخود ساتی کردنەوەی وردبین-عدسة- تاساتی داخستنی یان وەستانی کەپەیوەندی نێوان رەگەزە پێکهێنەرەکانی کەسایەتی "کاراکتەر/ئەکتەر"، رووداو، شوێنکات، رووناکی، جوڵە...هتد لەچوارچێوەی بنیاتێکدا دەخاتەڕوو.

یاخود دەکرێ بڵێین گرتە ((پارچەیەکە شیانی یارییپێکردنە؛ بەچاو لێپۆشین لەقەبارەو رەگەزە پێکهێنەرەکانی وەکو: رووناکی ودەنگ وجوڵە بەشێوەیەکی گشتی کۆی بنەما هەستیارەکان، لەپێکهاتەی بنچینەیی کۆدەبنەوەو شیانی یارپێکردنن.))(فینتورا: ٢٠١٢: ٢٣) ئەمە رێگە خۆشکەرە بۆ دیاریکردنی پەیوەندی رێگەپێدراوی ئەو رەگەزانەی دەگۆڕدرێت یان ئەوانەی لەسنووری گرتەدا جێگیرە یان ناجێگیرە یان جوڵاوەو بەپێ پێداویستی گرتەکە رەگەزەکان دەردەخرێت. بەو پێیە گرتە دیاردەیەکی جوڵاو بزێوەو لەچوارچێوە - کادر- و سنوریدا رێگە بەجوڵەی رەگەزەکان دەدات بجوڵێنەوە یان جێگیربن، کەدەکرێت ئەم جوڵەیە لەهەندێك باردا زۆر گرنگ بێت یان بەپێچەوانەوە. ئەمە گرنگی پێکهاتەی بنیاتی چوارچێوەمان بۆ یەکلایدەکاتەوە لەوەی چوارچێوە: سنوورو دیاریکردنە، بەرێکخستنێکی داخراو، یان بەرێژەیەکی نیمچە داخراو دەچێت، لەخودی خۆیشدا بەهەموو وردەکاریەکەوە ئەو بابەت و شتانە لەخۆدەگرێت کە لەوێنەکەدا دەردەکەون، واتا ئەم کۆمەڵەیە دابەشکردن رەتدەکاتەوە، تاوێر یان تاشەبەردیش نییە دابەش نەبێت، بەڵکو شەنەکردنە؛ هۆکاری بنچینەیش بۆ ئەم شەنەکردنە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بینگە -وەکو چوارچێوەیەك بۆ هەموو چوارچێوەکان- پێوەرێکی هاوبەش بەچوارچێوە دەبەخشێت، کەپێوەرەکانی وەکو یەك نییە بۆنموونە: گرتەی دوور بۆ دیمەنێکی سروشت و گرتەی نزیك بۆ خستەڕووی روویەك لەڕووەکان، یان کۆمەڵەی خۆرو دڵۆپە ئاوێك. ئەمانە هیچ تایبەتمەندییەکی هاوبەش لەڕووی دووری و رووناکی وهەڵەت وبەرزی ونزمی زەوی کۆیان ناکاتەوە، بەڵام لەدووبارە بنیاتنانەوەی پێکهاتەی فلمدا یاریکردنێك وەبەردێت ورێگە بەدووبارە رێکخستنەوەی ئەم بابەتانە بەپێ رێکخستنێکی ناسروشتی ئاسایی، کەتەنیا لەگوتاری فلمدا رێگەپێدراوە دەدرێت وداهێنانێکی هونەری لێدێتەکایەوە.(دولوز: ٢٠١٤: ٣٨-٤٣).



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

بەڵام بەگشتی پێکهاتەی گرتە لەهونەرێك دابێت ئەم رەگەزانە لەخۆ دەگرێت: خاڵ، بنکە، هێل، شێوە، قەبارە، جوڵە، جگە لەیاریکردنی شوێن وکات، مەودا، بۆشایی وکەلێن، کەسایەتی، هاوسەنگی و ناهاوسەنگی، بەهای جوانی، چونکە ((هێزی کێشکردنی هەر رەگەزێك لەرەگەزەکانی پێکهاتە لەوێنەدا پەیوەستە بەجیاوازی ئەم رەگەزە لەڕووی قەبارەو شێوەو رووناکی و جوڵەو رەنگ وئاراستەکانی، جگە لەو شتانەی لەدەوروبەریدا رووبەڕووی دەبێتەوە، هەروەها چۆنیەتی دەرکەوتنی لەوێنەکەشدا.))(ماشيللي: ١٩٨٣: ٥٠) بەوپێیە گرتە شتێك، رستەیەك، بینراوێك "گرتەیەکی شانۆیی، فۆتۆگراف، تەلەفزیۆن، شێوەکاری" دێنێتەکایەوە، بەڵام ناتوانێت چیرۆکێك بگێڕێتەوە؛ ئەمەش هاوتای مۆرفیمی زمانە کەوا هەندێك مۆرفیم سەربەخۆن وواتای تەواودەدەن بەدەستەوە بەڵام ناتوانن رووداوێك بگێڕنەوە.

بۆیە ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە هاوتای پەرسەندنی رەخنەی هونەری وئەدەبی نوێ ودیاردەی بەیەکداچوونی ژانرە هونەرییەکان و هەژموونی رۆشنبیری بینراو لەگێڕانەوەی هاوچەرخدا، تەکنیکی گرتە تەکانێکی نوێبوونەوەی لەسنوری تەکنیکی نێوان هونەرو ژانرە ئەدەبییەکاندا، کە لەکایەیەکدا کۆیان دەکاتەوە بەخۆیەوە بینیوە؛ جا گرتەی: سینەما، شانۆ، ئەدەب، فۆتۆگراف... بێت، لە ناوەڕۆکیدا کردەی هەڵبژاردن وچوارچێوە - کادر-و تەرکیزە، بەمەبەستی وەبەرهێنانی واتایەکی چڕ لەساتێکی دیاریکراودا، لەم بارەیەوە یوری لوتمان دەڵێت: ((وێنە یان گرتەی گەورەو بچووك تەنیا لەسینەمادا نییە، بەڵکو لەگێڕانەوەی ئەدەبیشدا هەستی پێدەکرێت؛ کاتێك دەسەڵاتی گرنگیپێدان بەوەسفی چەندیەتی دیاردە جیاوازەکان دەدرێت، بۆ نموونە: ئەگەر یەکەکانی دەق لەبەدوایەکهاتنێکی ناوەڕۆك جیاواز لەڕووی چەندیەتی جیاوازیەکی زۆرەوە بەدوایەکتری بێن، "لەوەی بەژمارەگەلێگی جیاواز لەکەسایەتی، بەشەکان ولقەکان، وەشتەکان بەقەبارەی بچووك وگەورەبن". واتا ئەگەر هاتوو لەرۆمانێکدا وارێککەوت لەبەشێکدا وەسفی رووداوەکانی رۆژێك بکرێت و لەبەشێکی دیکەدا وەسفی رووداوەکانی دەیان ساڵ بکرێت، دەتوانین گفتوگۆ لەبارەی جیاوازی گرتەکاندا بکەین))(لوتمان: ٢٠١٨: ٣٣٠) لەڕووی داهێنانی نووسەر لەوێنەو زمانی وەسف ورەوانبێژی و بەهای جوانناسییەوە، چونکە لەرۆمانی نوێدا گرتەی ئەدەبی نوێنەرایەتی زمانەوانی دەکات و لاسایی ئەرکی گرتەی سینەمایی دەکاتەوە لەمیانەی گرتەی خێرا "cut"، گرتەی هاوسەنگ، تیشکۆی گۆڕاوو وەسفێکی وردو پارچە پارچەکردنی گێڕانەوەو بەکارهێنانی کات"خێراکردن و خاوکردنەوە" بەزمانێکی پاراو دەیچنێتەوە، بۆیە ئەگەر وێکچوون وجیاوازی لەنێوان گرتەی ئەدەبی و گرتەی سینەماییدا بکەین دەکرێ لەچەند خاڵێك لەم خشتەی خوارەوە بیخەنەڕوو لەوانە:

- وێکچوون لەنێوان گرتەی ژانری رۆمان و هونەری سینەما:*

١- دیاریکردنی ئاراستەی بینین: هەردوو هونەر، جەخت لەبەشێك لەکەتوار -واقیع- دەکەنەوە، تاوەکو تەرکیزی وەرگر بخەنە سەر ئەو بابەت ورەگەزە دیاریکراوەی مەبەستیانە، لەمیانەی رێکخستنی گێڕانەوەی رووداو، ودیمەنەکان.

٢- بنیاتی وێنە: هەردوو هونەر بەشدارن لەوەبەرهێنانی وێنەی زەینی و بینراو.

٣- خولقاندنی کارتێکردنی جوانناسی لەمیانەی هەڵبژاردنی قەبارەی گرتەو چۆنیەتی وەسفکردنیان، کاریگەری لەکردەی واتا وهەڵچوون دەبێت.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

- جیاوازی نێوان گرتەی ژانری رۆمان و هونەری سینەما:*

| گرتەی رۆمان | گرتەی سینەما |
|---|---|
| ١- پشت بە زمان و خەیاڵ دەبەستێت. | پشت بەوێنەی بینراوی دەبەستێت. |
| ٢- لەمیانەی خوێندنەوەوە لەزەین بنیاتدەندرێت. | راستەوخۆ دەبینرێت. |
| ٣- دەکەوێتە ژێرهەژموونی شێوازو وەسف و گێرانەوە. | دەکەوێتە ژێر هەژموونی تەکنیکە بینراوەکان و کامێراوە. |
| ٤- بەپێ ریتم وئاوازی کات؛ کات کرایەوە. | کات دیاریکراوە. |
| ٥- خوێنەر بەشدارە لەدروستکردنی وێنە، بەگوێرەی پاشخانی رۆشنبیری و زەین و پێکهاتەی هونەریی. | وێنەی ئامادەکراو پێشکەشدەکات. |

**خشتەی ژمارە - ١- جیاوازی نێوان گرتەی رۆمان و گرتەی سینەما**

بۆیە کەباسوخواز دێتە سەر ئەرکی گرتە (یوری لوتمان) ئەرکی گرتە بەزمان دەچوێنێت ودەڵێت: ئەگەر گرتە بۆ وشە بگۆڕین؛ تەنیا رێککەوت نییە، بەڵکو لەخستنەڕووی ئەم وێکچوونە؛ دەبینین کەوا سروشتی رەگەزە بنیاتنەرەکانیان "وشە، گرتە" لەمیانەی وەسف روونکردنەوەی کەرەستەکان روون نابێتەوە، بەڵکو لەسایەی بەستنەوەی پەیوەندی ئەرکیان لەگەڵ بەشەکانی تردا رووندەبێتەوە، لەبەرئەوەی یەکێك لەئەرکە سەرەکییەکانی گرتە هەڵگری دەلالەت ونیشانەیە، ئەمەش هەروەکو لەزماندا هەیە کە هەڵگری دەلالەت ونیشانەی تایبەتە بەفۆنیمە (فۆنۆلۆجی) وئەوی تریان تایبەتە بە مۆڕفیم (دەلالەتی رێزمان) سێیەم تایبەتە بە وشە (دەلالەتی وشە، فەرەهەنگ)، هەروەها گرتەش بەتەنیا هەڵگری دەلالەتی سینەمایی نییە، چونکە دەلالەتەکان یەکەی بچوکتریان هەیە: وردەکاری گرتە، یەکەی گەورەتریشیان هەیە: بەشەکان یان بەدوایەکهاتنی دیمەنەکان les sequence، ئەمە وێکچوونی گرتەو وشەی لێدێتەکایەوە. واتا دەکرێت بڵێین ئەگەر گرتە لەسیاقی خۆی داببڕینرێت ولەگەڵ گرتەکانی دیکەدا بەگوێرەی یاساکانی بەیەکەوەبەستن، دانەپاڵی هێمایی و نائاسایی رێکبخرێن یان تێکەڵاوبکرێن، دەکرێت لەسایەی هونەری خواستن یان شاردنەوەو پێچووپەنا -کنایە- بەکاربهێندرێت.

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فینتورا: فران، الخطاب السينمائي-لغة الصورة، ت. علاء شنانه، منشورات وزارة الثقافة – المؤسسة العامة للسينما، دمشق، الفن السابع، ٢٠١٢. ديك: برنارد.ف، تشريح الفيلم، ت.ت. مصطفى محرم، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١٥. لوتمان: يوري، مدخل الى سيميائية الفيلم، ت. نبيل الدبس، م. قيس الزبيدي، مطبعة عكرمة-دمشق، ط١، ١٩٨٩.ماشيللي: جوزيف، التكوين في الصورة السينمائية، ت. هاشم النحاس، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٣.مؤنس: د.كاظم، قواعد الاساسية في الاخراج التلفزيوني و السينمائي، عالم الكتب الحديث، جدارا للكتاب العالمي، عمان-اربد، الاردن، ٢٠٠٦.

ئەمە لەلایەك؛ لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر گرتە وەکو یەکەیەکی دابڕاو سەیر بکرێت، واتایەکی دوولایەن وەردەگرێت، بەردەوام نەبوون و پارچە پارچەکردن هەروەها سەنگ و بارستایی کات وشوێن بۆ سینەماکاران دەخرێتە ناوی. بەپێ ئەوەی پێوەری ئەم دوو چەمکە "کات وشوێن" لەفلمدا بەیەك یەکەی پێوەری پێوانەیی "گرتە" ئەنجامدەدرێت، بۆیە شیاوی جێگۆڕینەوەن؛ لەبەرئەوەی لەسینەمادا هەربابەتێك، ڕووداوێك، شتێکی بینراو درێژبوونەوەی شوێنی تێدابێت، دەتواندرێت لەمیانەی زنجیرەیەکی کاتیی دابڕژێندرێتەوە، لەرێگەی بەش بەشکردنی بۆ گرتەو دواتر لەبەدوایەکهاتنەوەی ئەم گرتانەدا رێکبخرێنەوە، چونکە بەنیسبەت خولقێنەری فلم پارچە پارچەکردن یان بەش بەشکردن لەکاتی نمایشکردنی فلمدا کەمتەرخەمی یان سستی یان وەستان نییە ، بەڵکو یەککرتن و توانەوەیە لەناو یەکتریدا هەروەکو لەنموونەی خوێندنەوەی شیعردا ڕوودەدات، کەوا تەفعیلە تاکەکان ئاوێتەی یەکتری دەبن (تەفعیلە lepied یەکەی پێوەری دێری شیعرییە، کەوا گوێگر ناتوانێت جیاوازی لەنێوان تەفعیلەکاندا بکات وەکو یەکەی سەربەخۆ) گوێگردرك بەواتای گشتی دەق دەکات وچێژی لێدەبینێت، سەبارەت بەبینەریش لەفلمدا؛ لە بەدوایەکهاتنی بەشەکانی وێنە هاوتای ئەو گۆڕانکارییە کەمەی لەخێرایەکی زۆر لەناو یەك گرتەدا ڕوودەدات، گرتە بەدوایەکهاتووەکان دەبینێت ولەناویدا دەتوێتەوەو چێژی لێوەردەگرێت، بەبێ ئەوەی هەست بەگرتەی تاك بکات.

ئەمەش تایبەتمەندی گرتە لەهونەری سینەمادا دەخاتەڕوو، کەوا سینەما تاکە هونەرە لەنێوان هونەرەکاندا لەگەڵ وێنەی بینراودا کاردەکات وتوانای بنیاتنانەوەی کەسایەتی مرۆڤایەتی هەیە لەسەر شێوەی ڕستەیەکی ڕێکخراو بەپێ کات، ئەم دیاردەیە لەتوێژینەوەی سایکۆلۆژی درکپێکردنی هەستی لەهونەری وێنەکێشان و پەیکەرتاشیشدا یەکلایکراوەتەوە، کەوا لەنمایشکردنی دەقی هونەری جۆرێك لەبەدوایەکهاتنی "خوێندنەوە" بخولقێت، بەڵام سەبارەت بەرێکخستنی گرتەکان لەهونەری سینەمادا شتێکی نوێ دەهێنێتە ناو ئەو پرۆسەیەوە، لەوانە: یەکەم: جێگیرکردنی خوێندنەوە بەشێوەی ناچاری یان زۆرە ملێی یەك واتای هەبێت، بەم پێیە یاساکانی ڕێزمان دێتەکایەوە. دووەم: ئەم رێکخستنە ملکەچی هیچ یاسایێکی دەستکردی سایکۆفیزیۆلۆجی نابێت، بەڵکو بۆ دەستورو ئامانجی بیرۆکەی هونەریی، و یاساکانی زمانی ژانرێکی هونەری دیاریکراوە.(لوتمان: ١٩٨٩: ٣٨-٤٢). دەکرێ بڵێین جگە لەیەکلایکردنەوەو خستنەڕووی پەیوەندی هاوتایی نێوان ژانرەکان بەگوێرەی تایبەتمەندی ئەو کەرەستانەی بەکاریدەهێنێن بۆ گەیاندنی مەبەست وپەیام، جۆڵەو بزیوو چۆنیەتی ژیاریکردنی گرتە لەپرۆسەی هونەریدا دەخاتەڕوو، کە (ئیزینشتین) بەزنجیرەیەك ((تەقینەوە لەدڵی بزوێنەری"سووتانی ناوەکی" دەچوێنێت، کە دینامیکیەتی مۆنتاژ زیادەکات، کەوەکو بزوێنەری

"پاڵنەری" ئۆتۆمۆبیل یان تراکتۆرە))( هەمان سەرچاوە: ١٩٨٩: ٢٩). بۆیە لەدروستکردنی گرتەدا پێویستە چەند لایەنێك لەبەرچاوبگیرێت، لەوانە:

١- لەبەرچاوگرتن وچاودێریکردنی وردەکاری وهاوسەنگی وگرنگپێدان بەدابەشکردنی ئەوەی لەگرتەدا دەردەکەوێت، لە کەس وکەرەستەو جوانکاری -اکسسوار-، بەمەرجی بیناتی پێکهاتەی هونەری گرتە.
٢- لەبەرچاوگرتنی نەخشەسازی جوڵە لەڕووی شێوەو جۆرو خێرایی ومەبەست لەگرتەدا.
٣- توانای گرتە لەگواستنەوەی هەست وسۆزو کارو کاردانەوە لەمیانەی دەربڕیندا.
٤- لەوانەیە گرتە خەوێك، خەیاڵێك یان حالەتێك لە شاراوەیی ونادیاری ولێڵی وئاڵۆزی بگوازێتەوە.
٥- بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی درامایی و بەرجەستەکردن، گرتە پەیوەستە بەکات وشوێن.
٦- پێویستە لەگرتەدا ئاستی بنیاتی هونەری لەڕووی قوڵی وگۆشەنیگاو ڕووناکی وڕەنگ وپێکهاتەو شێوە لەبەرچاوبگیرێت.
٧- گرتە ریتمی خواستراوو بەستنەوەی بەردەوامی لەگەڵ گرتەو دیمەنەکانی دوای خۆی هەیە.(الصحن: ٢٠٢٢: ٢٢٠-٢٢١).

واتە دەکرێ بڵێین گرتە لەهەر هونەرێك، ژانرێکدا بێت، بەشێکە لەجیهانی تایبەت بەو بابەتەی مەبەستە گوزارشتی لێبکرێت، بەڵام ئەوەی پێویستە لەبەرچاو بگیرێت یاخود رازی داهێنان بهێنێتەکایەوە، ئەوەیە "نووسەر، هونەرمەند، سینەماکار، شانۆکار..." لەوێنەکاندا جەخت لەچی دەکاتەوەو چ وێنەیەك دەنەخشێنێت، چ گۆشەنیگایەك وەردەگرێت، لەکوێ دەستپێدەکات وقوڵی مەبەستی بیرۆکەکە لەنێوان کەس، کەلوپەل، ڕووناکی کۆدەکاتەوە... تاوەکو ژیان وژیاریکردن لەونێوەندەدا بخولقێنێت وەکو ئەوەی بەشێك بێت لەواقیع.

لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندی دروستکردنی گرتەی بینراو لەپاڵ ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکردووە چەند لایەنێکی تریش لەخۆدەگرێت، ((لەوەی بینینی مرۆڤایەتی بینینێکی بەرجەستەکراوەو لەمیانەی دووچاوەوەیە، بەڵام بینینی کامێرا تەختەو لەمیانەی چاوێکەوە بینراوە، بەڵام نمایشی وێنە لەکۆتاییدا لەدوو مەوداوە لەبینگە نمایشدەکرێت، دواتر دەبێت وێنەگر لەرێی فریودان؛ لەقوڵایی وێنە بەهۆی هاوتەریبی هێڵە واقیعیە هاوسەنگەکان، لێڵکردنی پلەپلەیی، ئاوێتەبوونی شتە بابەتییەکان لەمەودا جیاوازەکان، ڕووناکی، تاریکی، گۆشەنیگای هەوایی قەرەبووی ئەم کەموکوڕیانە بکاتەوە، لەبەرئەوەی کۆی ئەم تەکنیکانە هۆکاری سروش بەخشی قووڵن وبەبێ ئەمانە وێنە تەختە، هەرچەندە وێنەکە لەڕووی تەکنەلۆژیاوەش کامڵبێت.)) (ماشيللي: ١٩٨٣: ٨) واتا دەکرێ بڵێین ئەم لایەنە هونەرییانە پەیوەستە بە چێژ وسەلیقەی هونەری وئاستی رۆشنبیری وەرگرەوە، کە تاچەند چێژی لێوەردەگرێت.

هاوتای ئەم تایبەتمەندییانە، پێویستە لەگرتەی بینراودا چەند لایەنێکی هونەریی دیکە لەبەرچاوبگیرێت؛ لەوانە:

١- پەیوەندییەکی یەکانگیرلەنێوان گرتەو وردبینی-عدسة- بەکارهاتوودا هەیە، چونکە لەمیانەیدا قەبارەی گرتە دیاریدەکرێت، لەسەر ئەم بنەمایەش جیاوازی نێوان گرتەکان

و مەودای نێوان شت وکامێرا دەستنیشاندەکرێت. ئەم ماوەیە بەدووری شلۆق The critical distance ناسراوەو، ((بەشپرزەیی جیاکەرەوەی نێوان دیمەن وئامێری وێنەگرتن دادەنرێت، کەجۆرێکە بەحاڵەتی هاوکێشەی هاوتای نێوان وزەی ڕووداو یان دیمەن و ناوەڕۆکی مەتریالی دەچێت، بەو واتایەی بەشی وێنەگیراو نزیکتر یان گەورەترە، بەپێی ئەو شتانەی کەدەبێت ئێمە بەشێوەیەکی دیاریکراو وزەی دراماتیکی و جوانناسی بخەینەڕوو یان دەریبخەین، بەو پێیە قەبارە بەگوێرەی ڕۆڵی پێداویستی دیاریکراو دیاریدەکرێت.)) (مۆنس: ٢٠٠٦: ٢١).

بەشێوەیەکی گشتیش قەبارەی گرتە جەستەی مرۆڤی وەکو سەرچاوەیەکی بنەڕەتی کردۆتە پێوەر، واتە دەکرێ بڵێین چۆنیەتی مامەڵەکردن وتێروانینی دەرهێنەران سەبارەت بەگرتە ڕێژەییەو بەپێ بۆچوونی دەرهێنەر لەنێوان گرتەی گشتی گەورە، گشتی، ناوەند، نزیك-گەورە هەژماردەکرێت، بۆیە (جان لوك گوادار) ((شەیدای ئەم دەستەواژەیە بوو؛ کەوا گرتەی نزیك بۆ تراژیدیا داهێنراوەو گرتەی گشتیش بۆ کۆمیدیا داهێنراوە))(دیك: ٢٠١٥: ٨٣). بەو واتایە گۆڕانکاری لەقەبارەی بابەت گۆڕانکارییە لەجۆری گرتە، بۆ نموونە کاتێك تەنیا دەستێك لەڕووبەری گرتەو چوارچێوەدا دادەنرێت ودەبێتە نیشانە بۆ بابەتێك، جگەلەوەی هاوتەریبی شێوە گوزارشت لەناوەڕۆك دەکات، بەڵام کاتێك گرتە کۆمەڵێك شت لەپانتایی ڕووبەریدا لەخۆدەگرێت ئەوا وردەکاری کەمدەبێتەوە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە زۆرینەی دەرهێنەرەکان گرنگی بەگرتەی دووردەدەن، چونکە پارێزگاری ((سنووری سیانی گرتە دەکات، کە بە "دەوروبەر: چوارچێوەی بینگە، کشان وفراوانی: ڕووبەری تەخت، بەدوایەکهاتن: گرتەی پێشوو گرتەی دواتر" دەیکاتە یەکەیەکی بنیاتی دابڕاو.

لەگەڵ ئەوەی گرتەکان لەسەرتاسەری فلمەکاندا ئاوێتەی یەکتردەبن، بەڵام سەربەخۆی خۆیان وەکو ڕەگەزێکی خاوەن دەلالەتی تایبەت دەپارێزن کە لەلایەن بنیاتی گشتی زمانی سینەما پشتگیری دەکرێت وجوڵەیەکی پێچەوانەیی دروستدەکات. ئەم پاڵنانە بەرەو تێپەڕاندنی سەربەخۆی گرتەو لەخۆگرتن وتێکەڵاوبوونی لەگەڵ یەکەی واتای ئاڵۆزتر یاخود دابەشکردنی بۆ ڕەگەزی ئاستی نزمتر یەکلادەکاتەوە.))(لوتمان: ١٩٨٩: ٤٦)بەو واتایە ئەم جۆراوجۆری وتێپەڕاندن وگونجان و پێچەوانەیەی نێوان گرتەو ناونانی جیاوازی گرتە لەلایەن دەرهێنەران دابەشکردنی جۆراوجۆری لێکەوتوتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گرتەکان بۆ هەشت بەش وقەبارەو فەزاو دەلالەت پۆلین دەکرێن؛ سێ جۆرە یەکەمینیەکان ئەرکی وەسفین "گرتەی گشتی، گرتەی بەشی گەورەو بەشی بچووك" بەمەبەستی وەسفکردنی دیکۆرو ڕووداوی درامی وگوزارشتکردن لەتەنیایی ودڵەڕاوکێیە، کاتێك بەفەزایەکی گەورە دەبەسترێتەوەو لەمیانەیدا کەسایەتیەکە "ئەکتەر-کاراکتەر" گرتەیەکی گشتی دەخرێتەڕوو. جۆرەکانی دیکە پەیوەندییان بەکەسایەتیەوە هەیە، واتە خستنەڕووی بەشێکی دیاریکراو لەجەستەی کەسایەتیەکەیە یان وێنەگرتنی گشتی، ئەمەش دوو جۆرە: گرتەکانی گێڕانەوەو narratifs گرتە سایکۆلۆژییەکان وخستنەڕووی دەروونی کەسایەتییەکانە، ئەویش گرتە نزیکەکان و زۆر نزیکەکان.(یحیی: ٢٠١٧: ٩١)* بەمەبەستی پێکان وهێنانەدی ئامانجی کاربۆکراو دەرهێنەر ئەم گرتانە تێکەڵاودەکات، تاوەکو هاوشێوەی واقیع جیهانێك بخولقێنێت؛ لەوانە لەگرتەی گەورەدا هەندێکجارپێدەوترێت گرتەی نزیك کامێرا زۆر نزیکە، لەم گرتەیەدا سەر یان لەشانەوە بەرەو سەر دەگرێتەوە. ئەم گرتەیە بەپێچەوانەی گرتەی گشتییە کە لەدووریەکی

گونجاوەوە وەردەگیرێت، لەنێوان ئەم دوو گرتەیە گرتەی ناوەند هەیە، هەروەها گرتەی گشتی گەورە هەیە، کە بەگرتەی پانۆراما ناسراوەو تیایدا دەهێنەر تیشك دەخاتە سەر بابەتی گشتی مەبەستدار، جگە لەگرتەی زێرین وگرتەی جوڵاو تیشك دەخرێتە سەر وردەکاری.

سەبارەت بەوردبینی کامێرا لەچۆنیەتی وێنە گرتنی گرتەکاندا وردبینی چاوی ماسی سیماو شتە نزیکەکان دەشوێنێت، بەڵام وردبینی گرتەی ئاسایی کەدەرهێنەر بایەخ بەپێشەکی وناوەڕاستی کادر دەدات؛ ئەم جۆرە گرتەیە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە. بەڵام گرتەی تلیفوتو قوڵایی دیاریکراوەو ناوەڕاستی کادرو قوڵایەکەی دەکەونە دەرەوەی چالی وردبینەوە، کەزۆر گرانە جیاوازی مەودای دووری بکرێت، هەندێکجار بۆ زیادکردنی گرژی لەنەخشەکاری گرتەکان بەکاردێت کەهیچ جیاوازییەك لەنێوان پێشەکی وپاشخانی کادر

---

*بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمود ابراقن، مدخل الى سيمولوجيا الاتصال، بنغازي، ١٩٩٥، ٣٨-٤٦. فران فينتورا، الخطاب السينمائي لغة الصورة، علاء شنانه، منشورات وزارة الثقافة – المؤسسة العامة للسينما، دمشق، ٢٠١٢، ٢٧-٦٠. محياوي يحيى، بلاغة الخطاب فی عرض الحقيقة التاريخية بين الوثائقي و الروائي الحقيقة والخيال، مجلة النص، المجلد ٤، العدد ٢، ٢٠١٧، ٩١. صالح الصحن، التذوق السينمائي و التلفزيوني- دراسة نقدية فی السينما و التلفزيون، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة-بغداد، ط٢، ٢٠٢٢، ٢٢٧-٢٢٨.

نییە، ئەگەر کەسێك لەکاتی ڕۆیشتندا وێنەی بگیرێت؛ ئەوا وردبینەکە وادەیخاتەڕوو وەکو ئەوە وایە لەشوێنی خۆی بڕوات بەبێ ئەوەی هەنگاوێك هەڵبهێنێت، ئەمە گرژی ودڵەڕاوکیی زیاتردەکات.(روم: ١٩٨١: ٦٧)

٢- تایبەتمەندی جیاکەرەوەی بنچینەیی لەهونەری بینراو"لەیەکەمین فلمی سینەماییدا" بە بەراورد بەهونەرەکانی دیکە؛ جوڵەیە، سیماوناوەڕۆکی جیاکەرەوەی ئالیەتی هونەری سینەمایە.

کەواتە دەکرێ بڵێین گرتە لەبواری سینەما، ئەدەب "ڕۆمان" بێت، لەگوتارە جۆراوجۆرەکانی هونەری "سینەما، ڕۆمان" کەرەستەیەکی ئەبستمۆلۆژیایەو هێنانەکایەو بنیاتنانی پەیوەستە بەکردەوە، جگە لەوەی لەناوەڕۆکدا هەڵبژاردنە لەچوارچێوەی مەبەست، بەمەبەستی وەبەرهێنان وخستنەڕووی واتایەك لەمیانەی تێکەڵاوکرن وچۆنیەتی بەدوایەکهاتنی گرتە جۆراجۆرەکان بەگوێرەی پێداویستی گێرانەوەو گەیاندنی پەیامی دەق "ڕۆمان –سینەما" لەکۆی گرتەو دیمەنەکاندا.

**تەوەری دووەم: جۆرەکانی گرتە لەنێوان هونەری سینەماو ژانری رۆماندا**

بەرفراوانی هەر بابەتێك یان دیاردەیەکی زانستە زانستییەکان، زانستە مرۆڤایەتیەکان، کەپێورەکانی رێژەیی بێت لەگۆڕانکاری بەردەوامدا دەبێت، لەبەرئەوەی بەپێ سەردەم وقۆناغەکانی ژیاریکردن چەندین بوارو ئاراستەو راڤەی جیاوازو جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە. بابەتی گرتەیش "باسمان کردووە" یەکێکە لەو بابەتە دەوڵەمەندو بەپیتانەی کەوا شەنوکەوی زۆر لەخۆدەگرێت، بەتایبەتیش لەگەڵ سەردەمی نوێخوازی وبرەودان بەدیاردەی ئاوێتەبوونی هونەرو ژانرە ئەدەبییەکاندا باسو خوازی زۆری لێهاتوتەکایەوەو هاوشێوەی زەوی تا گێرە بکرێت بەروبوومی زیاترەو تاوەکو بژاریش بکرێت داهێنانی لێدەکەوێتەوەو دەبێتە تەوەری سەرەکی و چەرخەو ژێرخانی کاری هونەری "سینەما، رۆمان، شێوەکاری، تەلەفزیۆن..."ە لەهێنانەدی داهێنانی وێنەی جوڵاو. کەواتە بەپێ ئەو رۆڵە سەرەکییەی گرتە لەپێکهاتەی بنیاتی وێنەی سینەمایی و وێنەی هونەری دەبینێت، توێژەران و رەخنەگران هەوڵیانداوە، بەگوێرەی پێوەری جیاواز پۆلینبەندی بۆ بکەن، دیارترین پێوەریش بۆ ئەم پۆلینبەندییە قەبارەی بابەتی گرتەیە لەناو کادر یان چوارچێوەدا، ئەمەیش کاریگەری هەبووە لەوەی چەندین جۆری بنچینەیی لەگرتە بێتەکایەوەو ببێتە زمانحاڵ وباسو سەرچاوە بۆ توێژینەوەی زمانی سینەمایی وشیکردنەوەی گوتاری بینراو، لەوانە:

**یەکەم: گرتەی گشتی گەورە ( Extrema Long Shot )**

پێکهاتەی بنیاتێکی بینین وگێڕانەوەی خێرای شوێنکات ورووداوە "وەسفیە" لەمیانەی بەربڵاوی ودرکپێکردنی دیمەن وخستنەڕووی پەیوەندی هێمایی نێوان مرۆڤ ومەودای دەوروبەری، کەدەسەڵاتی جوانی، فەلسەفی، دەروونی، مەعریفی...هتد لەگوتاری سینەماییدا بەشوێن وبۆشایی دەبەخشێت، چونکە ((پانتایی رووبەری بۆشایی لەگرتەدا، کاریگەری لەهێزی وێنەدا هەیە، هەروەها دەکرێت کاریگەری لەبری کاردانەوەی بینەر هەبێت؛ لەبەرئەوەی بۆشاییەکان لەهۆکارە گرنگەکانی دەربڕین وگوزارشتکردنی فلم و چەقی دەسەڵاتی هێزەکان وچۆنیەتی ریزبەندییان لەبۆشاییدا لەشوێنەکانیانەوە دەزاندرێت.))(مؤنس: ٢٠٠٦: ٤٠). بەو پێیە ئەم گرتەیە پەیوەستە بەنمایشکردن بۆیە گرتەیەکی درێژەو ئاسۆی کراوەیە؛ تاوەکو بینەر درك بەوردەکاری ناوەڕۆك وشێوەکەی بکات بەر لەرووداو وگفتوگۆکان؛ نموونە وەکو گرتەی شەڕێك یاخود دارستانێك لەوانە فلمی (ترۆی – دڵی ئازا – کۆتا شەڕکەری سامورای) جەخت لەدیمەن و دیکۆر دەکرێتەوە تاوەکو قەبارەی مرۆڤەکان، کە تەنیا نمایشە بۆ گێرانەوە، بەو واتایە مەودای نێوان کامێراو بابەتی مەبەستدار زیاترە، واتە ئەم گرتەیە ((لەبنەڕەتدا گرتەیەکی وەسفیەو بەهای دراماتیکی کەمترە لەگرتەکانی دیکە))(هەمان سەرچاوە: ٥٤)و دەلالەتێکی فیکری وفەلسەفی ومەعریفی ودەروونی...هتد سەبارەت بەپەیوەندی نێوان شتەکان تاکو دەوروبەر دەخولقێنێت، بۆیە تاوەکو بۆشایی زیاتربێت؛ لایەنی خەیاڵکردن، وەسفی گشتگیر، داهاتوو، نادیاری، بێدەنگی بەسەر دیمەنەکەدا دەسەپێنێت، بەو واتایەی ئەم گرتەیە ((گرتەیەکی لێکدراوو ئاوێتەیە، هەبوونی زیاتر جەختکردنەوەیە لە قەبارەو جوڵە تاوەکو گرتەیەکی بنیاتی بێت...کار لەسەر پێشکەشکردنی شوێن بەبێ گوێدانە چۆنیەتی دابەشکردنی ... ئەمەش دەیکاتە نموونەیەکی بەرچاوی ئامادەبوو.))(هەمان سەرچاوە: ٤٢).

لەبەر ئەوە دەکرێ بڵێین ئەم گرتەیە پەیوەستە بە گێڕانەوە یان نمایشکردنی کۆمەڵێ بابەتی گشتی بۆ بەرچاو روونی وەرگر. لەوانە لەفلمی (ژانی گەل)دا دەرهێنەر لەچرکەی (٧ - ٤١)؛ لەرامانێکی جوانناسی هونەرییدا دەستپێکی فلمەکەی؛ لەرێبڕینی سەفەرێکی دوورودرێژی پاسێکی بچووکی سەرنیشن هەڵگر لەسروشتێکی بەرفراوانی وەرزی بەهار بەناو دەشت و شاخ لەئاراستەیەکی جوڵە بەرەو باکور دەستپێکردووە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئازادبوون و نوێبوونەوەو بەردەوامی ژیان. بەڵام لەرۆمانەکەدا لەلاپەڕە (٧)دا رۆماننووس تەنیا بەدێڕێك وەسفی ئۆتۆمۆبیلەکە دەکات، جگە لەوەی لەدرێژەی گێڕانەوەی رووداوەکان دەردەکەوێت کەوا وەرزی هاوینەو وەرزی جموجۆڵ وکۆکردنەوەیە، بەبەراورد بەژیانی جوامێر ژیانی بۆتە لانکە بایەك نازانێت چییان لێشاردۆتەوە، تەنیا لەنێو یادگارییدا دەخولێتەوە، کە لەگرتەکانی دیکەدا باسی لێوەدەکەین.



دەرهێنەر لەخولەکی (٩/٤٥)دا لەرێی جوامێرەوە خۆپیشاندانی جەماوەری شارمان بۆ دەگێڕێتەوە، چۆن سەربازەکان لەشوێنە بەرزەکان و لەپەناوپێچی کۆڵان وئۆتۆمۆبیلە سەربازییەکان سێرەیان لەخۆپیشاندەران داوەو هەر کەخەڵك وخۆپیشاندەران گولە باراندەکەن؛ خوپیشاندەران بەهاوارلێهەستان وقیژەو زێرەی ئافرەت ومنداڵان وەك رۆژی حەشەرهەریەکە بەلایەکدا دەچێت وکەس ناگەڕێتەوە سەر کەس، دەرهێنەر لەم گرتەدا جوانناسییەکی وردی خستۆتەڕوو، لەمیانەی پیشاندانی پیشەوەی ئۆتۆمۆبیلێك "بۆنیتەکەی نیشانەی بازێکی لەسەرە" تیژڕەوەی بازکە وراکردنی خۆپیشاندەرەکان وگولەبارانکردنیان تێکەڵاوبوونە، لەو لاشەوە کەجوامێر گەڕاوەتەوەو پەلە پەلی هێنانی مامانیەتی بۆ خێزانەکەی، خەڵکەکە هەوڵدەدەن لەکوڵانەکانەوە خۆیان لەگولەباران دەربازبکەن؛ کەچی ئەم کشانەوەو راکڕدنە لەخولەکی (١٠/٩) دەبێتەهۆکاری ئەوەی بڵێن جوامێر رابەری خۆپیشاندانەکەی کردووە. چۆنیەتی خۆپیشاندانەکە گێڕەرەوە بەوردی ودرێژی لە (ل: ١٨) گێڕاوەتیەوە.







Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)





سەبارەت بەرۆمانی (شەوانی ئادەم) ڕۆماننووس بەشارەزایەکی لێهاتووانە ئەم تەکنیکەی وەبەرهێناوە تائەو رادەیەی ((لەکاتی خوێندنەوەدا بەرانبەر وردبینی کامێراو هیچ شتێك؛ وردەکارییەك لەوێنەو دەنگو دیکۆر ناپەڕێنێت، هەروەکو بۆ وێنەگرتن ودەرهێنان ئامادەکرابێت،))(زغودي: ٢٠١٦: ١١٥) لەوانە گێڕەرەوە لەوەسفی بینینی مەرۆدخ لەوچۆڵەوانیەو لەودوورییەوە دیمەنی کۆشکێکی زلی لێ ئاشکرابووە لەجێ خۆیەوە رەق وەساتەوەو دیقەتیداوەتێ، هەروەکو گێڕەرەوە دەڵێت: (لەو مەودایەوەی تەماشای ئەو خانووەی کرد، کە هەر لەو ساتی پشووەدا لێی دەرکەوت و دیمەنی زلیی کۆشکەکە، بە فراوانی دەستی لەخەیاڵی وەردا. بۆ کەمێك ئەندێشەی شڵەقان ودەرگاکانی خەونی یەکیەك لەسەر پشت بۆکردەوە، تا بەرەو قاتەکانی خواری خوارەی سەرسامی بردی. بەخۆی وت، "بڕوا بکەم یان نەکەم؟ ئەمە خانووە یان تەلار یان کۆشکە؟ ئەمە چییە لەم چۆڵوانییە؟"...هێور هێور لە گردۆڵکەکە هاتە خوارێ بەرەو ئەوێ پێش کەوت.)(ل ٨). ئەم جۆرە گرتانە رێگە خۆشکەرە بر پەرەسەندن وچالاککردنی وەرگر لەبەدوایەکهاتنی وێنەکان خەیال فراوان دەبێت وبەشێوەیەك کەبەرانبەر بینگەیەکە.

یاخود ژینۆی دکتور کاتێك لەگێڕانەوەی رەشەگیری ئەنفال بۆ مەردۆخ دەڵێت: (پانۆڕامای رەشەگیریی خەڵکی گوندەکانیش، وەك یەك بوو، لەنێو هەر گوندێك بەزیل ولۆری وسەربازەوە، بەسەریاندا دان،ئەفسەرو سەربازەکان لەتاو دەسکەوت، پلەی سەربازییان لەبیر چووبۆوە....لەسەر دەسکەوتی فەرهودکراوی کورد، یەکتریان بەر شەق دەداو یەخەی یەکتریان ڕادەپسکان و رۆتبەی یەکتریان لێدەکردەوە. هەرچی قوڵ وباسك وشان هەڵی دەگرت، فەرهوودیان کرد، پیاو وژنەکانشیان بێ جیاوازی، لەگەڵ مێگەلی مەڕو دەسکەوتی شوێنەکە دەستگیر کرد.قافڵەی جاشەکان ببوونە بلدۆزەرێك، هیچ کاتێك کورد و عەرەب وەها تەبا نەبوون.)(ل ٣٢٤-٣٢٥). ئاماژەکردن بەزاراوەی پانۆڕاما تێروانینێکی ڕۆمانی دیمەنی بە ڕۆمانەکە دەبەخشێت.

لەرۆمانی (میر نامه)یشدا رۆماننووس لەچۆنیەتی گێرانەوەی رۆمانەکەیدا بەسەر کۆمەڵە گێرەرەوەیەك وەسفی گرتەکان لەزاری گێرەرەوەکانەوە باسدەکات، بۆیە لە ئاپۆرای بردنی تەرمی خانی لەمزگەوتەوە بۆ گۆڕستان، لەزاری چەند گێرەرەوەیەکەوە گرتەکەی دروستکردووە لەوانە شەمسۆی قەواڵ دەڵێت: (هێدی هێدی داربەستا کو ل سەر ملێن چار کەسان بوو. د پێشی دە مەلا ئیسماعیل و سەلاحەدین کتابفرۆش، مینا گەمیەکێ بەر ب ژۆر دە دچوو.)(ل ٢٤٢)، هەر لەبەردەوامی ئاپۆراکە مەلا ئیسماعیل دەڵێت: (د ناڤا وێ خەرجرێ دە، د ناڤا وێ خەمگینیا کو ژ بارانێ بێتر ب سەر دلێ مە دە دباریا، دەرگەڤانێ میر بەنگینێ مامزێدی هاتە نێزیکی من و نامەیا کو خانی ژ میر رە نڤیسی بوو دا دەستێ من.)(ل ٢٧٧). تاگەیشتنی ئاپوراکە بەگۆڕستان؛ گێرەرەوە دەڵێت: (دەما کو داربەستا تەرمێ شێخ ئەحمەدێ خانی ل سەر، خویابوو. مێرێ روونوخامتی ب ئالی وێ دە لەزاند. چار مرۆڤێن کو هەر یەکی ژ وان ب ئالییەکی داربەستی گرتبوون هێدی هێدی دمەشییان.)(ل ١٠) ئەم جۆرە گرتانە پەیوەستە بەسەلیقە و چۆنیەتی خەیاڵکردن و لێکدانەوەی وێنەکان لەزەین ووشیاری ئاسۆی وەرگر، بەو واتایەی ((وشیاری وەرگر پەرەدەسەتێنێت بەگوێرەی گواستنەوەی برێك لەهەست و درکپێکراوەکان، بەو پێیە لەدارشتنێکی تێکهەڵکێشراووچنینێکی تۆکمە؛ پێکهاتەی وێنە لەزەینی وەرگر زۆر بە چری وپتەوی لەئەنجامی یەکەکانی ئەم پرۆسەیە دادەرێژرێت، جگە لەجڵەوشلکردن بۆ خەیاڵێکی چالاك و بزێوو دەوڵەمەند، لەپانتایی بینگەی ئەقڵی وەرگردا گێرانەوەی خەیاڵکراوی دەتەقێتەوە.))(الاسود: ٢٠٠٧: ٢٨٥) بەو پێیە رۆماننووس هاوتەریبی دەرهێنەر لەوردەکارییەکان وردەبێتەوە، تاوەکو لەکۆی کردەی گێرانەوەداو لەمیانەی وەسفی وردە گرتە و دیمەنە دابەشکراوەکانەوە دیمەنێکی گشتی گەورە بخولقێنێت.

لەدرێژەی ریۆڕەسمی بەخاکسپاردنی خانی، تەیموری فاسق چۆنیەتی کاردانەوەی ئاپورایەکە لە مەرەکەب بارین دەگێرێتەوەو دەڵێت: (کەسێن کو ل دۆرا گۆرا خانی کۆمبووبوون و ل تەلقینا شێخ سەیفەدینێ خوەدییێ جوبەیێ شین و دلێ رەش گوهداری دکرن، ب ڤێرینا من رە ل من نهێرین و پشت رە ڤژکێن ئاورێن خوە بەر ب ژۆر دە فراندن و کەفێن دەستێن خوە مینا کەوان دانە بەر چیکێن کو د رەنگێ هێسرێن ب کلا چاڤێن ژنێن د شینەکێ دە، تێکەلبوویی بوون.)(ل ٢٣) رۆماننووس زۆر لێهاتووانە گرتەیەکی بینراوی خولقاندووە هاوشێوەی کامێرای وێنەگرێك دیمەنەکان لەبەرچاوی وەرگردا دەچنێت.

**دووەم: گرتەی گشتی ( Long Shot )**

ئەم گرتەیە پەیوەستە بەرێکخستنی فەزای بینین لەخستنەڕووی وەسفی شوێن وهاوسەنگی پەیوەندییەکان "ئەم بوونەوەرو شتانەی لەچوارچێوەی دەردەکەون" وجوڵە لەمیانەی پێکهاتەو دەلالەت وجوانناسی، واتە کۆی دیمەنێکی بەرفراوان بۆ دیاریکردنی گرتەکانی دیکەو زۆرجار پێدەوترێت گرتەی دامەزرێنەر. بۆیە بنیاتی ئەم گرتەیە هەرەمەکی نییە، بەڵکو کۆمەڵێك پێکهاتەو تەکنیك و رەگەز لەنێوان سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی وپاشخانی بەشدارەو دەرهێنەر دیمەنێکی سروشتی جوانناسی لێدەخولقێنێت و لەبەر ئەوەی (( لەزمانی لاتینیدا دانانی کامێرا هاوشێوەی وشەیە لەرستەدا، چونکە سەرەتاو کۆتایی دوو شوێنی گرنگن لەرستەدا، کامێراش دەتوانێت هاوشێوەی رستەی لاتینی شوێنی بابەت وشتەکان، کە تەئکید لە بەتەنگەوەهاتن

وجەختكردنەوەیە بگۆڕێت. لە زمانی لاتینیدا دەتواندرێت وشەکانی رستە بکرێتە کارو لەکۆتایی رستەی دابنرێت و رستەی ناویش لەسەرەتادا دابنرێت وبابەتەکەیش لەناوەڕاست بێت، کامێراش دەتوانێت هەمان کار ئەنجامبدات، دەتوانێت لەگرتەی نزیك جەخت لەبابەت بکاتەوەو لەگرتەی گشتیش پشتگوێی بخات، هەروەها دەتوانێت دەلالەتی بابەت لەرێی وێنەگرتنەوە لەگۆشە جیاوازەکانەوە بگۆڕێت.))(دیك: ٢٠١٥: ٨٦).

جگە لەوەی گرتەی گشتی دەربڕینی جەستەیی تێدایەو گواستنەوەو هاتووچۆی ئەکتەرەکان لەهاتنەژوورەوەو چوونەدەرەوە لەدیکۆر وچوارچێوەدا ئاسان دەکات، واتە گرتەی گشتی تەنیا وەسفی دیکۆرو دەربڕینی جەستەو هەروەها پەراوێز خستنی تێدایە لەمیانەی هاتن وچوون، یاخود گۆڕینی گۆشەی وێنەگرتن لەگرتە یان لەدەوروبەر، بەم شێوەیە جوڵە کەیاسا بەزەبرەکانی گرتەی نزیك و ناوەند دەیسەپێنن رزگاردەکات.

هەروەها تایبەتمەندی گرتەی گشتی بە بەستەرو ئەلقەی نێوان گرتەی گشتی گەورەو گرتەی نزیك دادەندرێت، لەبەرئەوەی پێوانەی پێوەری قەبارەکان "مرۆڤ، شت، سروشت" بەروونی دیارە، جگەلەوەی لەم جۆرە گرتەیەدا جەخت لەزمانی جەستەدەکرێتەوە، کە لەسەرەتای سینەما زۆرباوبوو، تاوەکو گرتەی نزیك لەساڵی (١٩٠٣) بەولاوە داهێنرا. بۆیە دەکرێ بڵێین پوختەی وردەکاری لەگرتەی گشتیدا کۆمەڵێك کێشەی وەسفی وراڤەکردن ولێکدانەوە لەپەنای گرتەی بەدوایەکهاتوودا چارەسەردەکرێت، لەوانە لە خولەکی (١٠/١٢) – (١٠/٢٣) چرکەدا کاتێك جوامێر هەوڵی خۆدەربازکردنیەتی لەئاپورای خۆپیشاندەران وهێنانی مامان بۆ خێزانەکەی، خۆی بەکۆلانێکدا دەکات، خۆپیشاندەرە بلاوێپکراوەکانیش بەهەمان کۆڵان هەوڵی خۆدەربازکردنی خۆیانن، بەر رێژنەی گولەدەکەون، پاشەکێشی دەکەن چەند ئافرەت لەزەوی کەوتوون، جوامێر خۆی لەپەنای دیواری بەردەرگای ماڵێك پەستووە تاوەکو خۆی لەچەکدارەکان بپارێزێت، بەڵام لەو ساتەدا ئافرەتێکی برینداری کەوتوو، دەست بۆلای جوامێر درێژدەکات و جوامێر خەریکە رایدەکێشێت، گولەیەکی بەردەکەوێت ودەگیرێت. لەرۆمانەکەدا لە لاپەڕە(١٧-٢٠) گێڕەرەوە بەوردی باسیکردووە، بەتایبەتی لەرووی شوێنەوە ئاماژە بەشوێنەکان کراوە وەکو "مزگەوت، کتێبخانە" کە سەربازەکان لەوێوە سێرەیان لەخۆپیشاندەران گرتووە، مەبەستی رۆماننووس دەسەڵات لەکاتی داسەپاندنی دەسەڵاتی و لەترسی لەناوچوونی، بەبێ گوێدانە یاساو عورفی پیرۆزی ماڵی خوا ، تایبەمەندی ماڵی زانست،لەخزمەتی خۆی بەکاریدەهێنێت، لەبری پاراستن لەوێوە خەڵك قرچوبڕدەکات، ((ناوڕۆکی ئایدیۆلۆژی لەم گرتەیەدا بۆمان روونەکاتەوە، کەوا ئەو کەرستەو پێداویستیانەی لەگرتەیەکدا دەردەکەون، دەبێت زۆر بەوریایی هەڵبژێردرێن وبەشێوەیەك دابنرێت ئەو ئامانج و ئەنجامەی مەبەستە بەدیبهێنێت، ئەمەش یاساو بنەمای بنچینەییە کەپێویستە لەبنیاتی گرتەدا بەدواداچوون وچاودێریەکی وردی بۆبکرێت.))(فیلدمان: ١٩٩٦: ٩٣)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨







دەرهێنەر لەخولەکی (١٤/١٢) لەنێوان گۆڕانکاری شارو هاتووچۆو جموجۆڵی خەڵك دوای دە ساڵ زیندانی، ساتی ئازادبوونی لەزیندان لەسەر پێپلیکانەکان رادەوستێت وتەماشایەکی دەوروبەری و رێبوارانی سەر شەقامەکە "ئافرەت وپیاو"ەکان دەکات، جوامێر ماڵێ ئاگادارنەکردۆتەوە بۆ ئەوەی چوونەوەی بۆماڵەوە ببێتە حەپەساوەیەکی لەناکاو- سوپڕایز بۆ خێزانەکەی، بۆیە بەپەلە "هەلەکە سەما" لەژێر بارانەکە رێدەکات، بەهیواو وتامەزرۆیەکی زۆر، تاکە ئامانج و ئەنجام گەیشتنەوەیەتی بەماڵێ. لەرۆمانەکەدا گێرەڕەوە بەوردیەکی چڕ لەلاپەڕە (٢١-٢٥). ئەو وێنەیەمان نیشان دەدات.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)





لەرۆمانی (شەوانی ئادەم) رۆماننووس لەرێی بێڤەرەوە، وەسفێکی وردی بینراو لەدرێژەی وردەکارییەکی وردو سەرنجڕاکێش، وەك ئەوەی خوێنەر وێنەیەکی زیندوی لەبەرچاو بێت خستۆتەڕوو، چنینی ماڵی سەکینەو ئافرەتەکان وتۆکمەیی دروستکردنی خانوەکە لەروویی بنیات وپاراستنەوە، هەروەها سادەیی ژیاریکردنیان بەبەراورد بەو پێشکەوتن وتەکنەلۆژیای ئەوێ رۆژێ شاردەکات، کەچی ئەوان چۆنیەتی لەم سادەیی ودوورەدەستییەیان لەشار ئارامن، لەم بارەیەوە بێڤەر دەڵێت: (ژنە یەکسەر بەچاوی ناوەوەی ماڵەکەی پشکنی، خانوویەکی گەورەی قوڕ بوو، کۆڵەکە داری بنمیچەکانی وەها نزم بوون، تۆزێك لەئاستی خۆمان بەرزبینەوەو دەست هەڵبڕین، دەستمان بەری دەکەوت، پەنجەرەی بچووك بچووکی لەچەند لایەکەوە تێدابوو، هەر ئەو دەرگا سەرەکییەی هەبوو، کە لێی هاتنە ژووری، لەناوەوە، دوو ژووری سەرەکی دەبینرا، سەکۆو تاقیش بەنێو ماڵەکەدا دروست کرابوون. بەڕەی بەنی دەستکرد و لباد لەسەر سەکۆکان ڕاخرابوون. دوو گۆزەی گەورەو دوو شەربەی ئاو لەخوارووی سەکۆکان دانرابوون. چرای بە ڕۆن وپڵیتە بەسەر سێ دیواری ماڵەکەدا هەڵواسرابوون. ماڵەکە بۆنی دووکەڵی داری گرتبوو. ئەو بۆنە لەلای کچەی غەریبە، ناخۆش نەبوو، هەستی دەکرن لەناواخانیدا وێنەی نوستوو و خەونی سەردەمێکی تری شوێنەکەی هەڵگرتووە ... بۆنەکە چیرۆکی دووبارەبووی دەگرتەخۆ.وا هاتە لووتی، کە دەشێ ئەو جۆرە بۆنە تارماییی شوێنەواری لەخۆیدا هەڵگرتبێت، رابردوویەکی تێدا بدۆزێتەوە، کەسۆزی گەرمی بەخشیبیت.)(ل ٢١٦-٢١٧). رۆماننوس زۆر لێهاتووانە لەپەنای هەستی بۆنەوە چنینی گێڕانەوەی رووداوەکانی لەلای خوێنەر بەچێژترکردووە، ئەمەش سەلیقەی ئەدەبی و شێوازی تێڕوانینی دەقنووسمان بۆدەخاتەڕوو؛هاوشێوەی وردبینی کامێرایەك چەندە وردە لەتەنینیدا ، چونکە بۆن ناسنامەی مرۆڤە.


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٨

لەلایەکی دیکە گێڕەرەوە هاوتای وەسفی خەیاڵی قووڵی سەکینە سەبارەت بە ئادەم؛ باس لەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارەکانی ماڵی سەکینە دەکات ودەڵێت: (کە سەکینە لەم بیرۆکانەدا نووقم ببوو، ژنەکانی دی، هەریەکە خەریکی شتێك بوون، ویژدان چایی ئامادە دەکرد، رەهێڵە نانی تەڕ دەکرد، بەفرین ماستی دەکردە دوو قاپی سەوزی پلاسکۆی مامناوەندی، ئەفسانەش خەریکی نوێنهەڵگرتن بوو. لەولاوە بێڤەر پێشنیاری ئەوەی کرد، کە کۆمەکی بکات، ئەفسانەش وتی، "ئەزێت مەکێشە، هیچ نییە.".)(ل ٣٠٨). وردەکاری نووسەر هاوتەریبی دەرهێنەرێکی سینەمایی وردە، لەبەکارهێنانی کەلوپەل لەو سەردەمدا "هەشتاو نەوەتەکانی سەدەی بیستەم" قاپوقاچاغی پلاسکۆ بەکاردەهات، ئەمەش نیشانەی پێشکەوتنی تەکنیکەکانی هونەری نووسینی هاوچەرخ لەلای نووسەرانی کورد.

لەرۆمانی (میرنامە)دا، رۆماننووس بەدیمەنێکی گستی ساتەکانی گۆڕستان وبەخاکسپاردنی ئەحمەدی خانی کردۆتە دەستپێك وتەوەرو چەرخەی چنین وگێڕانەوەی رووداوەکانی دەقەکەی، گێڕەرەوە دەڵێت: ( خرەجرا خەیالێن کەسێن کو وێ سبەها باراندار ل دۆرا گۆرێ کۆمبووبوون، ب بیدەنگییەکە سەزایی مرنی، مینا رووپۆشا وی مێرێ کو گۆر کۆلا بوو، هاتبوو نوخوماندن. لێ د روویێ هەر کەسی دە خەمگینی بێ رووپۆش بوو. هنەکان رووێن خوە د کەفێن دەستێن خوە دە ڤەشارتبوون و هێسرێن خوە بێیی کو کەس های ژێ هەبە ددانە ئالی. ل هەڤ نەدنێرین و هێسرێن خوە ژ هەڤ ڤەدشارتن. هنەکان ژی پشتا خوە دابوونە دارێن چنارێ و ژ وێ ژۆرێ دە بێدەنگ ل وان کاشێن کەڤری و رووتێن ل دۆرا وان بێدەگی کوورتر دکرن. تەنێ ئەوێ روونوخامتی ب چاڤێن خوە یێن خوەشك و زووها دکارییوو خەمگینیا هەر رووی د وێ خرتۆلا دە بخوینە.)(ل ٩-١٠).واتە ئەم وێنە زەمینیە تێکەڵە کۆی ئەووێنە تاکانەیە کە لەدوایەکهاتنێکی ورد نووسەر بەسەلیقەیەکی رەوانبێژی پاراو چنیوەتیەوەو بەم شێوەیە پەیوەندییەکی دەمودەست لەنێوان شێوەو درکپێکردنمان دێتەئاراوە.

لەدرێژەی وەسفی بەخاکسپاردنی خانی و چۆنیەتی گێژبوون وسەرلێشێواوی وپەرۆشی کەسوکارو هاورێ و دۆست وئامادەبووان وبێ ئاگایین لەوەی دەگوزەرێت؛ گێڕەرەوە دەڵێت: (پەیڤێن کەسێن کو ل دۆرا گۆرێ کۆمبوویی، تەڤ ل وێ خشتەخشتێ دبوون و هەڤ نەدگرتن. وەکە کو ئەو هەر یەك ژ خوە رە دپەیڤە، گوهێ کەسی نە ل سەر ئاخافتنا کەسی بوو. وان ژی نزانیبوون چ دبێژن، هەما کی ل کێ راست دهات هەڤیرێ پرسەکە شکەڤا ل تەنوورا گوهێ وی دخست و دمەشیا ... بارانێ ژی ئاخافتنا یا ئاڤی نزم کر، وەکە کو دخوەست گوهداریا گۆتنێن داوی یێن کو دێ زندی ژ کەسەکی مری رە ببێژن، بکە. چیکێن وی هێدی هێدی تاری دبوون، لێ بالا کەسی نەکشاندن هەتا کو ناڤ ڤنگەڤنگا شێخ سیفەدینێ جوبەشین رە دەنگێ تەیموورێ مەیخور... ب هێرس وترس قیریا: وەی باڤۆ ئەڤ چییە!! حبر دبارە حبر!!.)(ل ٢٠-٢١).هاواری تەیموور هەموو ئامادەبووانی گۆڕستانی خستە دۆخێکی سەرسوڕمانەوە، لەوەی مەرەکەب دەبارێ، ئەم جۆرە گرتانە سەلیقەو لێهاتوویی دەقنووس لەڕووی بەهای جوانیناسی و رەوانبێژی ئەدەبی "کورتکردنەوە" دەخاتەڕوو.

## سێیەم: گرتەی ناوەند ( Medium Short )

ئەم گرتەیە پێکهاتەو بیناتی هاوسەنگی بینینە لەنێوان کەسایەتی وفەزای دەربڕینی جەستەو هەڵچوونی دەروونی وئەرکی گواستنەوەی گفتوگۆو پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان وجوڵەو جوانناسی وێنەیە، لەمیانەیدا خوێندنەوەی جەستەو شوێن بەسەریەکەوە دەکرێت، بۆیە بەچەقی بیناتی دراما لەزمانی سینەمادا دادەنرێت، لەبەرئەوەی لەم جۆرە گرتەیەدا شوێن رەتناکرێتەوە وەکو لەگرتەی نزیك پانتایی شوێن جێگەی نامێنێت، کەسایەتیش لەفەزای گرتەدا ناتوێندرێتەوە وەکو گرتەی گشتی، بەڵکو هاوسەنگیەکی بیناوو روون و جێگیربوونێکی درکپێکراو بەبینەر دەبەخشێت. جگەلەوەی ئەم گرتەیە لەچۆنیەتی پەیوەندی و راڤەوە، تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی بینینی رۆژانەی ئاسایی مرۆڤە، واتە دەکرێ بڵێین: ((گرتەیەکی نێوەندگیرە لەنێوان وێنەی گشتی ونزیکدا، کەتیایدا کامێرا نزیکترە لەبابەتی وێنە تاوەکو گرتەی گشتی؛ تیایدا سێیەکی جەستە دەردەکەوێت "لەئەژنۆوە تاوەکوسەر"، جگە لەجەختکردنەوە لەسەر رووداو وپاشخان وزۆرینەی وردەکاری جەستەو شێوەی کەسایەتیە بەگشتی.))(الجويدي: ٢٠١٢: ٢٠٤).

لەبەرئەوەی وردەکاری شوێن دەخاتەڕوو، بۆیە لەو سیاقەوە لەگرتەی نزیك سیاقی ترەو سیماو جوڵەی دەست وزمانی جەستەو بەشێك لەژینگەی دەوروبەریان دەخرێتەڕوو؛ بۆ نموونە (ئەنگمار برگمان)ی دەرهێنەر بۆ شیکردنەوەو راڤەکردنی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان وهەڵچوونە بێدەنگەکان سوودی لێبینیوە لەمیانەی بەشداریکردن بەبێ تێکەڵاوبوونێکی تەواو وبەزاندنی تایبەتمەندی کەسی، بۆیە دەتوانین چەند سیفەتێك دەستنیشانبکەین لەوانە:

١- ((فراوانی چوارچێوەکەی، بەبەراورد بەپێوانەی گرتەی نزیك، کاریگەری هەیە لەسەر دەرکەوتنی شوێنی کەسایەتییەکان وسەبەرخۆیەکی زیاتر لەجوڵەیان.

٢- لەگرتەی ناوەند کێشەی بینین وبەدوایەکهاتن کەمتر روودەدات، بەبەراورد بەگرتەی نزیك، لەبەرئەوەی بەگشتی جوڵەی ئەکتەرەکان وکامێرا کێشەی زۆر نانێتەوە.))(فينتورا: ٢٠١٢: ٥٠).

واتە لەمیانەی ئاماژەو جوڵەو بێدەنگی ...هتد گرتەی ناوەند دەبێتە کەرەستەیەکی دەروونی وفەلسەفی ومەعریفی و فیکری و کۆمەڵایەتی کەسایەتیەکانە نەك تەنیا چوارچێوەیەکی وێنەگرتن، هەروەك فلمی (ژانی گەل) لەخولەکی (٥/٠٢) تاو وشڵەژاوی جوامێر لە تاو ژان وئازاری منداڵبوونی کاڵێی هاوسەری، کە نازی خانی دراوسییان چووبوو بەدوای مامان و نەگەڕاوەتەوە، هۆکارە لەوەی جوامێر لەخولەکی (٥/٥)" بەدەنگی ژنانە لاسایی نازی دەکاتەوەو دەڵێت کاك جوامێر ئەمە کارێکی ژنانەیە"، بۆیە جوامێر رەخنە لەدابونەریتی کۆمەڵ دەگرێت، کە لەو سەردەمەدا بابەتی منداڵبوون تەنیا پەیوەستکرابوو بە ئافرەت، بۆیە بڕیاردەدات خۆی بەدوای مامانەکە بچێت وگوێ بەو نەریتانە نەدات؛ کە دەڵێت ئەم کارە ژن و پیاو نازانێت. لەرۆمانەکەدا لاپەڕەکانی (٩-١٠-١٤) بەوردی باسی ئەم دیمەنە کراوە.وێناکردنی ئەم هەستە لەلایەن هەردوو هونەرو هەڵبژاردنی ئەو وێنەنانەو بەم بایەخدانە مەبەستدارییە چڕکرندنەوەی سۆزە لەهەموو سەردەمەکاندا، جا لەژیانی راستەقینە بێت یاخود تەکنیك وخولقاندنی کارێکی هونەریی بێت، لەلایەکی تریشەوە پێویستە وریابین لەوەی ((هەندێکجارتەکنیکی داهێنان پرۆسە وکردەی ژیانی مەرجدار دەخولقێنەوە، تەنیا لەوبارودۆخە تایبەتەی کەهونەر داوایدەکات.))(ايزنشتاين: ١٩٧٥: ٤٣)



لەدرێژەی نەهاتنەوەی نازی خان، لەخولەکی (٦/٢١) جوامێر هانا دەباتە بەرماڵی مامە ڕەشەی دراوسێیان وداوا لە ئامەخان دەکات بچێتە لای کاڵێ، هەرچەندە جوامێر پشتی لەکامێرایە، بەڵام زمانی جەستە؛ بێ ئۆقەرەیی وتەنگەتاوی ودڵەڕاوکێ جوامێر یەکلایدەکاتەوە، لەوەی مشتی توندەو کەمێك بەروە لای دەرگاکە چەماوەتەوە لەو ساتەی ئامەخان دەرگای لێدەکاتەوە؛ داوای لێدەکات بچێتە لای کاڵێی هاوسەری، هەر لەکاتەش لەخولەکی (٦/٣٨)دا تۆفیقە سەرڕووتاو، لەنیمچە ئاوڕدانەوەیەك پێدەڵێت بچێتە پڵاو خواردن، مەبەستی خوپێشاندانە، لەکاتێکدا جوامێر بۆ هێنانی مامان لەماڵەوە هاتۆتەدەرەوە. لەرۆمانەکەدا لە(ل ١٤-١٦) گێڕدراوەتەوە، بەڵام لەرۆمانەکە کات شێوانە لەفلمەکەدا رۆژە کاتی بەیانییە، چونکە لەلایەك چەقۆ تیژدەکرێتەوە، خەڵکی خەریکی سەوزەوات وکەلوپەلی خواردنن. جگەلەوەی دوو پیاو لەخولەکی (٦/٢١ – ٦/٢٤) بەخێرایی بەبەردەم ئامەخان وجوامێررەتدەبن. ئایا رێبوارن لەکۆڵانەکە رەتدەبن یاخود بەرەو خۆپیشاندانەکە دەڕۆن؟







Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

لەرۆمانی (شەوانی ئادەم) گێڕەرەوە لەوەسفی مەردۆخ لەچۆنیەتی هەڵسوکەوتی لەپاش رۆیشتنێکی بێوچان وماندووبوونێکی لەڕادەبەدەریدا دەڵێت: (گەیشتە سەر گردۆڵکەکە،لەئاستێکدا جێیەکی بەباش زانی بۆ دانیشتن، ئا لەوێدا تاتوانیی، بەقورسی خۆی دا بە عەرددداو دانیشت، تۆزێ پێیەکانی راکێشا، ویستی ماسولکەکانی لەشی کەمێك خاو ببنەوە، کڵاوەکەی داگرت لەسەری و لەتەنیشتیەوە دای نا. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و سەیری بەرپێی خۆی کرد.کڵاشە بۆربووەکەی لەپێ داکەنی، ئەژنۆی نوشتانەوە و لەسینگی نزیکی کردەوەو لەگەڵیشیدا تاتوانیی، پەنجەکانی پێی گوشی و کەمێك ژێرپێی شێلا. لێرەدا تێگەیشت لەوەی توانای و وزەی مرۆڤ سنووردارە، با جەستەی پیاوێکی گەنجیشی هەبێت.)(ل ٦). ئەم وەسفە پاراوە لیهاتوویی نووسەرمان بۆدەخاتەڕوو، کەوا وێنەیەکی زیندوو لەزەینی وەرگر بخولقێنێت، لەلایەکی دیکەیشەوە ئەرکی نووسەر-دەقنووس گوزارشتکردنە لەشتێکی دیاریکراوو روون، چونکە نووسەر لەگەڵ بیرکردنەوەی وەرگر دەدوێت بۆیە هەوڵدەدات لەمیانەی زمانەوانیەوە پشت بەپەیوەندی نێوان دیمەن وگرتەکان ببەستێت تاوەکو وێنەیەکی روون بەوەرگر پێشکەشبکات.

لەدرێژەی کردەی گێڕانەوەدا گێڕەرەوە لەمیانەی گرتەیەکی گشتی دیکەدا تیرۆژی وەسفی چۆنیەتی میوانداریکردنی کوردەواریانەی مەردۆخ لەلایەن پیاوانی کۆشکەوە بەرەو گرتەیەکی ناوەند وەردەچەرخێنێت، کە دەڵێت: ( دەنگی ژینۆ هینایەوە سەر مێزەکە، کە پێی وت، "دەی فەرموو، کاك مەردۆخ، تکایە دەست پێ بکە." ئەویش شەرم هەموو گیانی تەنیبووەوە. وتی، "سوپاسی هەمووتان ئەکەم. بەڕاستی ئەزیەتتان کێشاوە.". ژینۆ خۆی دەستی بۆ ساوەرەکە بر و بە کەوگیرەکە نەختێکی بۆ تێکرد و چەند قاژێ تەماتەو خەیار و کەرەوزیشی هەڵگرت و خستیە سەر قاپەکەی مەردۆخ؛ ئەوجا قاپێکی گۆشتی کەوەکەی بەرزکردەوەو لە مەردۆخی نزیك کردەوە و پێی وت، "کاك مەردۆخ، هیچ ئەزێتێك نییە! خۆشحاڵین کە لە ناوماندای، ئەوەندە خواردنە هەر لێئەنێنین، فەرموو، گۆشتیش هەڵگرە، ئەوانە کەوی خۆمانن، لەگەڵ پەلەوەری ترا خۆمان بەخێویان ئەکەین.)(ل ٥٤).

لایەنێك لەکێشە باوەکانی رووبەڕووی هونەرەکان دەبێتەوە، ((چۆنیەتی گوزارشتکردنە لەبواری بیرکردنەوەو دۆزینەوەی هۆکارە ناوەکییەکان لەدەروونی مرۆڤدا. ئەم کێشەیە زۆر بەروونی لە هونەرەکانی: رۆمان، شانۆ وفلمدا دەردەکەوێت و هەر یەك لەم هونەرانە هەوڵدەدات ئەم کێشەیە بەگوێرەی هۆکار وپیشەی هونەری خۆی چارەسەری بکات. کرۆکی ئەم کێشەیەش ناگۆڕێت، چونکە پەیوەستە بەسروشتی بیرکرنەوە خۆی، کەوا لەدوو رەگەزی پێکەوە لکاو وجیاواز پێکدێت: رووکاری دەرەکی و کردەی ناوەکی ))(فیلدمان: ١٩٩٦: ٧٩) دەقە " رۆمان، شانۆنامە، فلم" چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بوارەکاندا لەساتێك تاساتێکی دیکە لەدرێژەی کردەی گێڕانەوە جیاوازە. بەڵام لەرۆمانی (میر نامە)، گێڕەرەوە گریانە بێدەنگو هەنسکە خوێناوییەکانی شەنگێمان بۆ دەچنێتەوەو دەڵێت: (شەنگا جەلالی دگریا. د ناڤ وی گرێی ژنان یێ مینا ڤێرینێ دە گرێی وی تەنێ نەدهاتە بهیستن. وەکە کو ئەو فەدی بکە ب دەنگێ بلند بگری. د گەل وێ ژی هەموویان بێتر گریێ وێ ژ دل بوو. گریەکی کو ژ کۆکا دلێ وێ دەردکەت و ئەو وەکە ئاگرێ سەرێ مووەمەکە ل بەر بایەکی هار دەهەژاند بێیی کو هێسر وەرن خوارێ، سەرێ کوێ خوە ئەحمەد یێ چار پێنج سالی ل سەر کابۆکا خوە دانیبوو و سەرێ خوە چەپ و راست دبر و جارێ ب دو تلیێن خوە پۆزێ خوە دمالشت. هێسرێن وێ

د رەهەنگێن هێسران رە ژ چاڤان داوەرڤیبوون پۆز و فشەفشەکە نەرم پێ خستبوون. چەند ژنێن کو ئەم ناس دکرن د بن چاڤان رە لڵا دنێرین و رووییێ خوە ترش دکرن مینا کو ژێ رە ببێژن: مالمیراتێ، دە تو ژێ هەما دو هێسران ل سەر رەحمەتی بارینە ها!! ما دلێ تە کەڤرە!! وان گرییێ دلێ وێ نەددیت.)(ل ١٤).

شەنگێ لەگێڕانەوەی چۆنیەتی دروستکردنی مەرەکەب بۆ خانی، کە لەیەکێك لەنامەکانیدا بەسوختەیەکی بۆ ناردبوو، کەوا خەریکی نووسینی شارێکەو دەیهەوێت هەناسەی شەنگێ تێدابێت؛ دەڵێت: (من ژێ یەکا وی نەکر دو و دەست پێ کر ئاریا سیسکێن زەیتوونان، کو من ئەو د کووپەکەکی دەڤگرتی دە ل سەر ئاگرەکی ئارام شەوتاندبوون، تەڤ ل شیرێزا عەرەبی کر. چەند رۆژان د هاوێ سفر دە کوتاند. بەری کو مەرەکەبێ بەردم شووشەیێ، من ئەو رۆژەکێ تەواو لە بەر تاڤکا رۆژێ دانێ. هن تایێن هەڤرمێش و چەند موو ژ بسکێن خوە خستن بنێ شووشەیێ و مورەکەبا رەش بەردا سەر و سەرپۆش کر.)( ل٥٢).لێهاتوویی نووسەربەشێوەیەکی گشتی لەوەسفی رووکاری دەرەکی وناوەکی کەسایەتییەکاندا "کاراکتەر-ئەکتەر" لەمەودای مەتریالی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، رۆشنبیری ... زۆرشارەزاو پسپۆرانە مەوداکانی پێکاوە، بەو واتایەی هیچ شاراوەی و پەنهانێکی نەهێشتۆتەوەو بەیانیکردووە.

## چوارەم: گرتەی نزیك – گەورە ( Close Shot )

پێکهاتەی پرۆسەی گێڕانەوەی لەسەر بنیاتدەندرێت، چونکە تەرکیز لەسەر شتێکی دیاریکراو دەکرێتەوە وەکو مرۆڤ "دەموچاو، یان شان ودەموچاو"، شت "کەلوپەل، سروشت، ئاژەڵ ..."هتد بەمەبەستی خستەڕووی هەستو سۆزو بیرو دەروونی کەسایەتیەکە هاوتای گەیاندنی زانیاری لەمیانەی جوڵەو رامانی هەستەکان، یاخود بەمەبەستی خولقاندنی ئەفسونێك -سحرێك- لەجوانناسی، بۆیە لەکاری هونەریدا زۆر بەوریایی لەوساتانەی کەبارێکی درامی یان کۆمیدی گرنگ هەبێت، هاوشێوەی ((وشە یان رستەی بەپیتی رەشی چەسپاو بەکاردەبردرێت.))(دیك: ٢٠١٥: ٨٤). بۆیە هاوتەریبی ئەم گرتەیە جارجار گرتەی زووم "Big-Close up" بەکاردێت وجەخت لەوردەکاری زۆر ورد دەکرێتەوە وەکو چاوی مرۆڤ، دەست، پەنجە، پاشماوەی برینێك، گوڵێگ ...هتد، بەمەبەستی چڕکردنەوەو پێکانی پەیامە، واتا لەو کاتەی بابەتی مەبەستدار لەسەر بینگە گەورە دەکرێت ((دەتوانرێت بەجۆراوجۆری دەربڕینەکانی قوڵی و تەنکی هەڵچوونەکان بۆ وەرگر بگوازرێتەوە، کە ناکرێت لەمیانەی گۆکردن بەدیبێت، ئەمەش ئەزموونێکی روحی وبینراوە بەبێ ئەوەی وشەیەکیش بدرکێندرێت، چونکە سیمای مرۆڤ بنیاتێکی ناوازەی ئاڵۆزی هەیە کە توانای دەربڕینی ناوازەی لەرێی گۆڕانکاری کەم لەدەموچاو وپێلوو برۆو تەوێڵەوە هەیە.))(بوجز: ١٩٩٥: ١٧٣).

ئەم گرتەیە لەرووی پێکهاتەی وبەرهێنانەوە ئاسانەو تێچووی کەمە، لەبەرئەوە پێویستی بەفەزایەکی فراوان ودیکۆرێکی ئاڵۆزو جوانکاری وژمارەیەکی زۆری ئەکتەران نییە، جگە لەوەی رووناکی وسێبەر بەسانایی رێکدەخرێت، بەپێچەوانەی گرتەی گشتی کەپەیوەستە بەدابەشکردنێکی ورد، هەروەها پێویستی بەشوێنی بەرفراوان نییە وتیشك دەخرێتە سەر یەك بابەت، شت. ئەمەش لەلایەك دەلالەتی شتەکە بەروونی دەخاتەڕوو،و لەلایەکی دیکەیشەوە جوڵە لەناکاودا نییەو دیاریکراوە بۆیە دووبارەکردنەوەی گرتە یان رێکخستن و رێکخستنەوەی خێراو ئاسانەو بەسانایی بەگرتە نزیکەکانی دیکەوە دەبەسترێتەوە، بۆیە (جیرارد میلیرسون)


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

جەخت لەکۆمەڵێك ڕێنمایی لەبارەی چۆنیەتی خۆلادان لەبەکارهێنانی گرتەی نزیك دەکاتەوە، لەبەر چەند هۆکارێك، لەوانە: ((

١- کاتێك لەگرتەیەکی گشتین و لەکاتی زیادکردنی گرتەیەکی نزیك، لەوانەیە وەرگر بینینی شتێکی گرنگی درامی جیاوازو ناوازەی لەدەستبچێت وحالەتێکی جاڕسکەر لەلای وەرگر بخولقێنێت.

٢- وردبوونەوە لەدەربڕینەکانی سیما، لەوانەیە ببێتە هۆکاری بێزاری وبێتاقەتی، بۆیە پێویستە خۆمان لە بەکارهێنانی گرتەی نزیك دووربخەینەوە.

٣- لەمیانەی گرتەیەکی نزیك، کە وردەکارییەکانی دەزانین وبۆی دەگەڕێنەوە، لەوانەیە جۆرێك لەزیادەڕۆیی وخۆهەڵکێشانی پێوەدیاربێت.

٤- وردبوونەوەی بەردەوام لەگرتەی نزیك دەتوانێت ونبوون بوروژێنێت، لەوانەیە سەرچاوەی سیاقی بابەت لەدەستبدات.))(فینتورا: ٢٠١٢: ٣١)

بەو واتایە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم گرتەیە لەرووی چۆنیەتی وێنەگرتنی حاڵەتەکان وگۆشەو ڕەنگ وسێبەرو ڕووناکی وریایی ولێهاتوویی گەرەکە، لەوانە: لەفلمی (ژانی گەل) لەخولەکی (١/٥٩) – (٢/١٥) لەمیانەی سەرنشینێکی پاسەکە، کە منداڵێکی کوڕەو تەمەنی لەنێوان (٥-٦)ساڵیدایە، بەزەردەخەنەوە سەیری جوامێر دەکات؛ جوامێریش زەردەخەیەکی بۆ دەکاتەوەو لوتی لێ دەقنجێنێت، بەڵام منداڵەکە هەر کەچاوی دەکەوێتە سەر کەلەپچەی دەستی جوامێر بەدەستی پۆلیسێك بەستراوەتەوەو کامێرامان زوومی کامێراکەی دەخاتەسەر، منداڵەکە زەردەخەنەکەی قوتدەداتەوەو دەمی دادەخات و نیگایەکی ورد لەدەستی جوامێر دەگرێت، جوامێریش مشتی دادەخات وەکو نیشانەی شەرمێك لەمنداڵەکەی دەشارێتەوە، کەچی پۆلیسەکە لەبەرئەوەی کاری ئاسایی خۆیەتی، هیچ جوڵەیەکی لێیەدی ناکرێت. لەرۆمانەکەدا لە (ل ٧) گێڕەرەوە بەرستەیەك وەسفی ئەم گرتەیەی کردووە. ئەمە جیاوازی نێوان ئەم دوو هونەرەمان بۆدەخاتەڕوو، لەجیاوازی ڕامانی هەریەك لە رۆماننووس وسینەماکار لەچنینی دەقەکانیان.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٨









لەساتی ئازادبوونی جوامێرلەخولەکی (١٢/٣٠) لەبەندینخانە گێرەرەوە لەنێوان وردەکارییەکی ورد وگرتەی نزیکدا چۆنیەتی کردنەوەی کەلەپچەی دەستی ووێنەگرتن وئەستۆپاکی وپەنجە مۆری جوامێرامان لەگرتەیەکی زوومدا بۆ دەخاتەڕوو، کەوا دەسەلاتداران لەترس ودڵەڕاوکی چالاکی بەندکراوەکان دوایی ئازادکرنیان، کۆمەڵێك مەرجیان بەسەردەسەپێنێت لەلایەك بۆ ئەوەی بەبەردەوامی چاوەدێرییان بکات، لەلایەکی دیکەیشەوە تاوەکو هەژموون وپاڵنەرێکی نیگەرانی لەدەروونی بەندکراو بخولقێنێت وئاسوودەنەبێت. لەرۆمانەکەدا لە (ل ٢١) بەوردی باسکراوە.





گێڕەرەوەیش لەرۆمانی (شەوانی ئادەم) لەتێرامانی وردو بەدیقەتەکانی مەردۆخ لەتابلۆی سەر دیواری ژووری پێشوازیی کۆشەکەکە، وەسفی هەستی مەردۆخمان بۆ دەکات لەسایەی ئەم تابلۆیەوە کەهەستێکی مێژوویی پێبەخشیوە، کە دەڵێت: (بەتام و چێژەوە تەماشای ژنەکەی ناوی کرد. بەردەکانی دیوارەکە ساف و رێك و پووختە بوون، بۆنی کاتی لەهەر بەردێکیا هەڵگرتبوو. بە گۆڕی مەشایەخێکی دوورخراوە دەچوو، کە لەسەر کێوێکدا بە ڕێکەوت نێژراوە و هەر کەسێ بەلایدا تێپەڕێ، تەنانەت ئەوانەی بڕواداریش نین، بۆ موفەڕك دەستێکی هەر لێ دەدەن. ئەمیش دەستێکی هێنا بە بەردەکانی دیوارەکەدا، تا بڵێی هەستی خۆشیی پێ بەخشی. تابلۆکە بەوردی و ڕەوانی لەسەر دیوارەکە کێشرابوو، وەك بڵێی لەسەر خامێك بێت، هەر یەك لەو ژنانەی لەو تاقە ژنەوە تارماییان وەرگرتبوو و تەمەنێکی پێ دابوون، لێ بی جیاوازیی تەمەنەکان، جوانییەکی فرە سەیریان هەبوو. دەتوت ئەو کەسەی وێنەیانی کێشاوە،تەلیسمێکی خەیاڵیی خستووەتە سەریان، تا لەراستی جوانتر بنوێنن،هەریەکەیان بە پاڵەوانی داستانێك دەچوو.)(ل ٢٧) ئەمە تایبەتمەندی کردەی گێڕانەوەیە، کەوا نووسەر لەدرێژەی گێڕانەوەدا هونەرەکانی دیکە بەمەبەستی چێژوەرگرتنی وەرگرو شارەزایی هونەریی و وشیاری دەقنووس؛ ئاوێتەی چنینی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی دەکات، تاوەکو بێزارنەبێت وکردەی گێرانەوەیش زەنجیرەیەکی بەدوایەکهاتوونەبێت، بەڵکو فرە چەشنی ئەدەبی وهونەری بێت.

لەلایەکی دیکەوە ویژدان لەساتی بینیی بێفەردا، کە لەگەڵ پوری وکچەکانی دیکە میوانداریيان لێکرد، ویژدان زۆر بەوردی وەسفی ئافرەتەکانی ماڵەویانی لەوردەکارییەکی زۆر ورد بۆ وەسف دەکات، هەروەکو دەڵێت: ( بەکۆمەڵێك ئاماژەی دەست و باڵ و چاو و برۆ، بەکچەی گوت، "بەڵام لە ئێستاوە ئاگادارت ئەکەینەوە، کە ئەوانەی لە ماڵەوەن و وا ئێمە بەرەو لایان ئەڕۆین، وەك ئێمە ڕووخۆش نین." بەردەوامی بەقسەکانی دا، ئەمجارە بە ئاماژەیەکی پەنجە، وەك هەڕەشەیەك وتی، "ئەمە لە ماڵەکە تارت نەکات، ها، هەر تەبیعتیان

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٨

وایە، تۆزێك خۆیان وا دەر ئەخەن، دەنا دڵیان گەلێك پاكە، هاكا نانمان خوارد، دوای تۆزێك ئەبینی دەمەتەقێشت لەگەڵ ئەكەن، ئەگەر زووش چوویتە دڵیان، ئەوا رەنگە باسی خۆشیانت بۆ بكەن. تار نەبی ها، ئەوا پێت ئەڵێم.)(ل ٢١٥). ئەم ئاماژەو شێوازی دەمەتەقێیە پێشبینی دەداتە وەرگر كەوا رەوتی رووداوەكان بەشێوازێكی دیكە دەگۆڕیت، بەتایبەتی كە ویژدان پێدەڵێت، ئەگەر بچیە دڵیان، مەبەستی وشیاری بێڤەرە، گفتوگۆی لەگەڵ دەكەن.

لەرۆمانی (میر نامە)، ورەو ئیرادەی عومەری خەزنەدار لەگێڕانەوەی وردەكاری بەسەرهاتی لەدەستدانی چاوی بۆ خانی "خانی مندالبووە پرسیاری لێكردووە" دەگێڕێتەوە، كە لەلایەن ئەحمەد پاشای والی وان ئابلۆقە دراون وكۆتایی بەدەسەڵاتی میر ئەبدال خان هێناوە. عومەری خەزنەدار؛ خەزێنەداری میر ئەبدال بووەو ئەحمەد پاشاش لەتۆڵەی ئاشكرانەكردنی شوێنی پاشماوەی پاشكەوتی خەزێنەی میر ئەبدال، چاوەكانی بەشمشێر سوتاندووە، كە پێ وتووە: ( ما تویێ چ بكی ژ هەردو چاڤێن خوەیێن كو نكارت خزنەیێن ئەڤدالخان ببینن؟ بێناهی ژ وان رە حەرامە... و یەكی زەندبادایی هەردو بستێن سۆربوویی راكرن و بەر ب من ڤو هات. ، كەفتەلەفتا من هیچ نەبوو، و جارەوارا منی كو شەڤا بەدلیسێ یا كو وەكە شابەڕوویەكە ژبیركری ل سەر ئێگر دشەوتی دچراند ژی هیچ بوو ... دەما كو دەردوو بست نێزیكی چاڤێن من بوون، من ئێدی جارەوارا خوە راوەستاند و بێدەنگییەكە لایقی مێرەكی رۆژكیان پێشوازیا وێ قەدەرێ كر...... چاڤێن من هەر ڤەكری مان و من هەی ل شابەڕوویێن كو دهاتن براشتن دنێری، لێ ژ نشكێ ڤە هەردو بستێن سور د بیبیكێن چاڤێن من دە كرن چزینی و من نەما بەر خوە دیت، وەكە كو ئەز تێكەڤم گۆلەكە ژ حبرا رەش هەر تشت وندا بوو. ب ژانا چاڤرژاندنێ رە ئەز پێ حەسیام كو چاڤێن من وەكە دو لبێن تری یێن پەرچقی ب سەر ررویێ من دە هەركین.... چقاسی ب من زۆر بوو كو روویێ داوی یێن كو من دیتن، روویێ وان زالمان بوو.)(ل ٤٠-٤١). واتا ((ئیرادە هێزێك نییە لەساتەوەختی هەڵبژاردنی دیاریكراودا بەدیاربكەوێت، بەڵكو پرۆسەیەكە لەسایەیدا پێكهاتەو رێچكەی بوون وهەبوون دیاردەكرێت.))(لیدو: ٢٠٢٤: ٩٧)

حاجی جەلالی بازرگانی باوكی شەنگێ، لەوردەكاری گێڕانەوەی هەواڵپێدانی شەنگێ كە بڕیاری بەشوویدانی بە خواجە ئەلاقوڵیی ماكۆیی داوبوو، لەباربردنی خەونی تەمەنی كچەكەی بوو، دەڵێت: (دەما ئەز ژ ماكوییێ ڤەگەریام، من یەكسەر ژ شەنگێ رە گۆت: كەچا من، من تۆ دایی مێر! ..... سەرێ تلیێن وی رەش بووبوون. من گۆت قەی ئەو هەننە كرنە، لێ گاڤا من باش بالا خوە دایێ من دیت كو شۆپا تەنیێە. ئەز كەنیام : شەنگێ ئەڤ چییە! نەبێژە كو تە بنێ سێلێ ب تلییان پاك كریە؟ ما قەرواش و خزمەتكار ب كو دە چوونە؟ ...... بەرسڤا من نەدا. ئەو د گۆتنا من یا پێشی دە فكری و روویێ وی د ناڤ هەردو كەفێن وێ دە خرق بووبوو، وێ تەخمین دكر كو ئەز دێ مەهرا وێ و مەڵا ئەحمەد ئەفەندی لە هەڤ ببرم. لێ من گەمییا خەیالێن وی ژ ناڤ پێلێن پرسان كشاند و گۆتێ: هەفتیەكە دن تە ب خوە رە دبمە ماكوییێ. من تو دایی تاجرەكی مەزن. مەردەكی هەتا بەر ستوونێن عەرشا خوەدێ تەعالا تێرە. روویێ وێ چلمسی و هات كو تشتەكی ببێژە، لێ نەگۆت و ب لەز بەرێ خوە دا مسینەكی ئاڤێ و تلیێن خوە شوشتن.)(ل ٦٨-٦٩). بەنیسبەت حاجی بازرگان داهات گرنگ بوو، كچەكەیشی باشترین كاڵای تۆكمەو بەنرخ بوو بۆ ئەوەی دەستمایەكی باشی لێوە بەدەستبهێنێت، بەبەراورد بەخانی مەزن كە زانست دەستمایەتی ولەفەرهەنگی حاجی جەلالیشدا داهاتی نییەو مایەپووچە.

**ئەنجام**

لە میانەی تاوتوێی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە، لەوانە:

١- لەکۆی هەرسێ رۆمان وفلمەکەدا؛ گرتەی بابەتی گرتەی دیاری ئەم فلم و دەقانەیە، گێرەرەوە رووداوەکان لەبەرانبەر کامێرایەك دەگێڕێتەوە وهیچ رۆڵێکی لەم کردەیە نییە، وەیەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە گرتەیە چاودێری رووداوەکانە لەدیمەنێکی وێنەیداو، وەرگر لەپەیوەندییەکی بەردەوام دەبێت لەگەڵ دیمەنەکاندا، بەپێچەوانەی گرتەی خودی لەمیانەی کەسێکەوەی رووداوەکان دەبینین.

٢- جۆراوجۆری گرتەکان لەرووی قەبارەوە، لەلایەك واقیعێکی هونەری دەخولقێنێت، لەلایەکی دیکەیشەوە هەست و هەڵچوون و دەردەسەری وئاسودەیی ... کەسایەتیەکانمان "ئەکتەر – کاراکتەر" بۆ دەخاتەڕوو.

٣- بایەخدان وپێداگیری نووسەران لەخستنەڕووی هونەری جوانیناسی ورەوانێژی دەقدا، بەمەبەستی نزیکردنەوەی زیاتری گۆشەنیگای زمان لەگۆشەنیگای هونەری بینراو "سینەما"، تاوەکو وەرگر زیاتر لەگەڵ دەقدا ئاوێتەبێت وبەدیقەت وسەلیقەوە لەگرێچن و چنینی دەقەکە وردبێتەوەو پێدابچێتەوە.

٤- لێهاتوویی و شارەزایی هونەریی کامێرامان لەوێنەگرتنی گرتەی زێرینداش، کەوا گرتە دابەشدەکرێت بۆ دوو چوارگۆشەو سێ سێیەکە، سێیەك بابەتی مەبەستی تیایدا و دوو سێیەکەکەی دیکە بەتاڵە، بۆ ئەوەی بەسانایی گرتەکە دەربکەوێت.

٥- لەمیانەی چوارچێوەوە -کادر- شێوازی تایبەت بە فلمی سینەمایی هەڵدەبژێردرێت، کە دەرهێنەر چ شێوازێك پەیرەو دەکات.

**سەرچاوەکان**


- کوردییەکان:

١- ئەحمەد: ئیبراهیم، ژانی گەل، چاپخانەی کاکەی فەللاح – سلێمانی، ١٩٧٣.

٢- دۆست: جان، میرنامە، ڤەگۆستن ژ رێنڤیسا لاتینی، دلێر داود، چاپخانا Kalkan Ofest، تورکیا، وەشانێن کتێبخانا جزیری، کوردستان – دهۆك، ٢٠١٧.

٣- سەلمان: بەیان، شەوانی ئادەم، چاپخانەی پەنجەرە، ئەندێشە بۆچاپ و بڵاوکردنەوە. ٢٠١٥.

- عەرەبییەکان:

٤- ابراقن: محمود، مدخل الى سيمولوجيا الاتصال، بنغازي، ١٩٩٥.

٥- الاسود: فاضل، السرد السينمائي: خطابات الحكي – تشكيلات المكان – مراوغات الزمن، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ط١، ٢٠٠٧.

٦- ايزنشتاين: سيرجي م. الاحساس السينمائي، ت. سهيل جبر، م. ابراهيم فتحي، دار الفارابي-بيروت، ١٩٧٥.

٧- بوجز: جوزف. م، فن الفرجة فى الافلام، ت. وداد عبدالله، الهيئة المصرية العامة لكتاب – القاهرة، ١٩٩٥.

٨- الجويدي: مهدى صالح، التشكيل المرئي فى النص الروائي الجديد، عالم الكتب الحديث للنشر و التوزيع، ٢٠١٢.

٩- دولوز: جيل، السينما: الحركة – الصورة، ت. د.جمال شحيد، م. د.نبيل ابو مراد، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠١٤.

١٠-ديك: برنارد.ف، تشريح الفيلم، ت.ت. مصطفى محرم، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١٥.

١١-روم: ميخائيل، أحاديث حول الاخراج السينمائي، ت. عدنان مدانات، دار الفارابي – بيروت، ط١، ١٩٨١.
١٢-زغودي: دليلة، تراسل الفنون في كتابات واسيني الاعرج الروائية، مجلة مقاليد، عدد ١١، ٢٠١٦.
١٣-الصحن: د.صالح، التذوق السينمائي و التلفزيوني-دراسة نقدية في السينما و التلفزيون، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة-بغداد، ط٢، ٢٠٢٢.
١٤-الصفراني: محمد، التشكيل البصري في الشعر العربي الحديث(١٩٥٠-٢٠٠٤)، المركز الثقافي العربي، بيروت، ٢٠٠٨.
١٥-فينتورا: فران، الخطاب السينمائي-لغة الصورة، ت. علاء شنانه، منشورات وزارة الثقافة – المؤسسة العامة للسينما، دمشق، الفن السابع، ٢٠١٢.
١٦-فيلدمان: جوزيف وهاري، دينامية الفيلم، ت.محمد عبدالفتاح قناوى، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٦.
١٧-لوتمان: يورى، بنية النص الفني، ت. عبدي حاجى، مطبعة جامعة صلاح الدين-اربيل، ٢٠١٨.
١٨-لوتمان: يوري، مدخل الى سيميائية الفيلم، ت. نبيل الدبس، م. قيس الزبيدي، مطبعة عكرمة-دمشق، ط١، ١٩٨٩.
١٩-ماشيللي: جوزيف، التكوين في الصورة السينمائية، ت. هاشم النحاس، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٣.
٢٠-ليدو: اميليو، صمت الكتابة، ت.د. أحمد شعبان، دار نينوى للدراسات والنشر و التوزيع، ط١، ٢٠٢٤.
٢١-مؤنس: د.كاظم، قواعد الاساسية في الاخراج التلفزيوني و السينمائي، عالم الكتب الحديث، جدارا للكتاب العالمي، عمان-اربد، الاردن، ٢٠٠٦.
٢٢-يحيى: محياوي، بلاغة الخطاب في عرض الحقيقة التاريخية بين الوثائقي و الروائي الحقيقة والخيال، مجلة النص، المجلد ٤، العدد ٢، ٢٠١٧.
- ئينگليزى:

23- www.almaany.com

Sources

- Kurdish:

1- Ahmad: Ibrahim, People's Pain, Kakay Fallah Printing House – Sulaimani,

2- Dost: Jan, Mirname, translated from Latin script, Dilêr Daud, Kalkan Ofest Printing House, Turkey, Jaziri Library, Kurdistan – Duhok,

3- Salman: Bayan, Shawani Adam, Panjara Printing House, Andisha for Publishing. 2015.

- The Arabs:

4- Ibraqn: Mahmoud, Introduction to the Simology of Communication, Benghazi,

5- Al-Aswad: Fazel, Al-Sard Al-Sinma'i: Haki's Speeches – Place Organizations – Time Gaps, Egyptian General Book Board, Cairo, Vol.

6- Eisenstein: Sergei M. الاحساس السينمائي، t. Sahil Jabr, M. Ibrahim Fathi, Dar al-Farabi-Beirut,

7. Bujz: Joseph. M, The Art of Sexuality in Films, T. Wadad Abdullah, Egyptian General Book Board – Cairo,

8- Al-Jawaidi: Mahdi Saleh, Visual Structure in New Narrative Texts, World of Hadith Books for Publishing and Distribution,
9- Dulois: Generation, Cinema: Movement – Image, ed. Dr. Jamal Shaheed, M.Sc. Dr. Nabil Abu Murad, Arab Translation System, Beirut,
10. Dick: Bernard.F., Film Analysis, T.T. Mustafa Muharram, National Translation Center, Cairo,
11- Rum: Mikhail, Ahadith Hawl al-Akhraj al-Sinma'i, t. Adnan Madanat, Dar al-Farabi – Beirut, Vol.
12- Zaghoudi: Dilila, Translation of Art in the Books of Wasini Al-A'raj al-Rawa'iyah, Maqalid Magazine, No. 11,
13- Editor: Dr. Saleh, Cinema and Television Enrichment-Critical Study in Cinema and Television, Public Cultural House Publishing House-Baghdad, Vol. 2,
14- Al-Safrani: Mohammed, Al-Basri Structure in Hadith Arabic Poetry (1950-2004), Arab Cultural Center, Beirut,
15- Fintura: Fran, Cinematic Speech-Language of Pictures, p. Alaa Shanana, Publications of the Ministry of Culture – General Film Foundation, Damascus, Al-Fan Al-Sabah, 2012.
16- Fieldman: Joseph Wahari, Dynamics of Film, T. Mohammed Abdul Fattah Qanawi, Egyptian General Book Board,
17- Lutman: Yuri, Foundation of Technical Writing, p. Abdi Haji, Salahuddin University Printing House-Erbil,
18. Lutman: Yuri, Introduction to Film Chemistry, p. Nabil al-Dabs, m. Qais al-Zubaidi, Akrama Printing House-Damascus, Vol.
19- Machilli: Joseph, Creation in the Cinematic Image, p. Hashim al-Nahas, The Egyptian General Identity for Books,
20. Lido: Emilio, The Silence of the Book, ed. Ahmad Shaban, Dar Nineveh for Studies, Publishing and Distribution, Vol.
21- Moons: Dr. Kazem, Basic Rules in Television and Cinema Production, World of Hadith Books, Jadara for World Books, Oman-Arbad, Jordan,
22- Yahya: Mahyawi, Balagha al-Khattab fi Presentation of Historical Truth Between Documents and Narratives of Truth and Imagination, Text Magazine, Volume 4, Number 2,

- English:

23- www.germany.com



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)